انعكاس حركة التحرر الكردية في منظور صحيفة "أركي نوي" (تشرين الأول ١٩٨٧ - تشرين الأول ١٩٨٨) دراسة تاريخية – تحليلية

م.م. بفرين محمد إسماعيل
قسم التاريخ , كلية الآداب , جامعة صلاح الدين – أربيل , كردستان،العراق
bafreen.ismail@su.edu.krd

الكلمات المفتاحية: حركة التحرر الكردية، التهجير القسري، سياسة البعث، جنوب كردستان، قوات البيشمركة.

كيفية اقتباس البحث

إسماعيل , بفرين محمد , انعكاس حركة التحرر الكردية في منظور صحيفة "أركي نوي" (تشرين الأول ١٩٨٧ – تشرين الأول ١٩٨٨) دراسة تاريخية – تحليلية ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٨ .

هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر (Creative Commons Attribution) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

The Reflection of the Kurdish Liberation Movement from the Perspective of 'Arki Nwe' Newspaper (October 1987 - October 1988) A Historical-Analytical Study

Asst. Lect. Bafreen Muhammad Ismail
Department of History , College of Arts , Salahaddin University – Erbil , Kurdistan,Iraq
bafreen.ismail@su.edu.krd

Keywords : Kurdish Liberation Movement, Forced Displacement, Ba'ath Policy, Southern Kurdistan, Peshmerga Forces.

How To Cite This Article
Ismail , Bafreen Muhammad , The Reflection of the Kurdish Liberation Movement from the Perspective of 'Arki Nwe' Newspaper (October 1987 - October 1988 A Historical-Analytical Study ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract

This research is an academic endeavor to analyze the role of the Arki Nwe newspaper, a publication of the Patriotic Union of Kurdistan issued abroad, during a period fraught with conflicts and historical turning points (1987-1988) in Southern Kurdistan. Relying on a historical-analytical approach, the study attempts to present the phase in which the Ba'ath regime employed strategies of forced displacement, destruction of economic infrastructure, and the erasure of national identity. In response, the Kurdish liberation movement, through the discourse of this newspaper, managed to activate a line of national defense and international diplomacy.

The research examines three main themes from the newspaper's perspective: the issue of national unity, the evolution of the Peshmerga forces' struggle strategy, and the efforts to internationalize the Kurdish question. The first section focuses on introducing Arki Nwe as a

publication issued outside Kurdistan and the technical and professional obstacles encountered during its publishing process. The second section is dedicated to the shift from partisan to national discourse and the formation of the Kurdistan Front. The third section highlights the documentation of genocidal crimes and diplomatic efforts at the level of the European Parliament. The findings demonstrate that Arki Nwe was not merely a media tool, but a living document and a crucial historical source for documenting crimes against humanity and advancing the national discourse for the survival of the Kurdish people during that arduous era.

الملخص

يُعد هذا البحث محاولة أكاديمية لتحليل دور صحيفة "أركي نوي" ، كإصدار تابع للاتحاد الوطني الكردستاني كان يُصدر في الخارج، وذلك خلال مرحلة مليئة بالصراعات والتحولات التاريخية (١٩٨٧-١٩٨٨) في جنوب كردستان. يعتمد البحث على المنهج التاريخي - التحليلي، محاولاً تسليط الضوء على تلك الحقبة التي اتبع فيها نظام البعث استراتيجية التهجير القسري، وتدمير البنية التحتية الاقتصادية، وطمس الهوية القومية. في المقابل، تمكنت حركة التحرر الكردية من خلال الخطاب الإعلامي لهذه الصحيفة من تفعيل خط الدفاع الوطني والدبلوماسية الدولية.

يتناول البحث ثلاثة محاور رئيسية من منظور الصحيفة: مسألة الوحدة القومية، وتطور استراتيجية الكفاح لقوات البيشمركة، والجهود المبذولة لتدويل القضية الكردية. يركز المحور الأول على التعريف بصحيفة "أركي نوي" كمطبوعة تصدر خارج كردستان، بالإضافة إلى العقبات الفنية والمهنية التي واجهت عملية نشرها. ويُخصص المحور الثاني لدراسة التحول من الخطاب الحزبي إلى الخطاب الوطني وتأسيس الجبهة الكردستانية. بينما يسلط المحور الثالث الضوء على توثيق جرائم الإبادة الجماعية والجهود الدبلوماسية على مستوى البرلمان الأوروبي. وتظهر النتائج أن صحيفة "أركي نوي" لم تكن مجرد وسيلة إعلامية فحسب، بل كانت وثيقة حية ومصدراً تاريخياً مهماً لتوثيق الجرائم المرتكبة ضد الإنسانية، وتطوير الخطاب الوطني من أجل بقاء الشعب الكردي في تلك الحقبة العصيبة.

ڕەنگدانەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەدیدی ڕۆژنامەی 'ئەرکی نوێ 'دا (تشرینی یەکەمی ١٩٨٧- تشرینی یەکەمی ١٩٨٨) لێکۆڵینەوەیەکی میژووویی – شیکارییە

م.ی.بەفرین محەمەد ئیسماعیل
بەشی میژوو , کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر , کوردستان،عێراق
bafreen.ismail@su.edu.krd

پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ، وەک بڵاوکراوەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە دەرەوەی وڵات دەردەچوو، لە قۆناغێکی پڕ لە ململانێ و وەرچەرخانی میژووویی (١٩٨٧-١٩٨٨)ی باشووری کوردستاندا. توێژینەوەکە بە

پشتبەستن بە ڕێبازی مێژوویی- شیکاری، هەوڵدەدات ئەو قۆناغە بخاتە ڕوو کە تێیدا ڕژێمی بەعس ستراتیژیی ڕاگواستنی زۆرەملێ، خاپوورکردنی ژێرخانی ئابووری و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی بەکارهێنا. لە بەرانبەردا، بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕێگەی گوتاری ئەم ڕۆژنامەیەوە توانی هێڵی بەرگریی نیشتمانی و دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی چالاک بکات.

تـوێژینەوەکە لە سێ تەوەرەی سـەرەکیدا، پـرسی یەکڕیـزیی نەتەوەیی، پەرەسـەندنی ستراتیژیی خەباتی هێزی پێشمەرگە، هەوڵەکانی بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەی کوردی لە دیدی ڕۆژنامەکەدا تاوتوێ کردووە. تەوەری یەکەم گرنگی بە ناساندنی ئەرکی نوێ وەک بڵاوکراوەیەک لەدەرەوەی کوردسـتان و ئەو ئاسـتەنگە هـونەری و پیشـەییانە دەدات کە لە پڕۆسـەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەدا ڕووبەڕووی بوونەوە، تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ گۆڕانی گوتاری حیزبی بـۆ گوتـاری نیشـتمانی و دروسـتکردنی بەرەی کوردسـتانی، تەوەری سـێیەمیش تیشـک دەخـاتە سـەر دۆکیـۆمێنتکردنی تاوانەکـانی کۆمەڵکـوژی و هەوڵە دیپلۆماسـییەکان لە ئاسـتی پەرلەمانی ئەوروپادا. دەرئەنجامەکان دەریدەخەن کە ئەرکی نوێ تەنیا وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندن نەبـووە، بەڵکـو بەڵگەنـامەیەکی زینـدوو و سـەرچاوەیەکی مـێژوویی گرنـگ بـووە بـۆ بەدۆکیـۆمێنتکردنی تاوانەکـانی دژ بە مرۆڤـایەتی و پێشخسـتنی گوتـاری نیشـتمانی لە پێنـاوی مانەوەی گەلی کورددا لەو سەردەمە سەختەدا.

کلـیلە وشـەکان: بـزاڤی ڕزگـاریخوازی کـورد، ڕاگواسـتنی زۆرەمـلێ، سیاسـەتی بەعـس، باشووری کوردستان، هێزی پێشمەرگە.

پێشەکی

گرنگی و بایەخی توێژینەوە:

توێژینەوە لەمەڕ مێژووی ڕۆژنامەگەریی شۆڕشگێڕی، دەروازەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی و گواستنەوەی ڕووداوەکان لە دۆخێکی گەمارۆ دراودا. بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بۆ یەکەمجار بە وردیی تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ وەک سـەرچاوەیەکی مـێژوویی، ئەم بڵاوکـراوەیە ڕەنگـدانەوەی ڕاسـتەقینەی ئەو وەرچەرخـانە سـیاسی و سـەربازییانەیە کە لە نێـوان سـاڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨)دا ڕوویـان داوە. لێکـۆڵینەوە لەم بـابەتە، بۆشـاییەکی دیـار لە مـێژووی ڕۆژنـامەگەری و سیاسـیی کوردیـدا پـڕ دەکـرێتەوە ، ڕووداوەکان لە چوارچێـوەیەکی زانسـتیی بـێلایەن و ئەکادیمیـدا دەخـرێنە بەر دیـدی خـوێنەر و توێژەران.

سنووری توێژینەوە:

تـوێژینەوەکە ئەرشـیفی ڕۆژنـامەی ئەرکی نـوێ لە نێـوان سـاڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨) دەکـاتە چەق لێکۆڵینەوە. ئەم ماوەیە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا وەرچەرخانێکی مێژوویی و قۆناغێکی پڕ لە ئاڵنگاریی سیاسی و سەربازییە. هەڵبژاردنی ئەم ماوەیە بۆ ئەوەیە کە گوتاری ڕۆژنامەگەری ڕۆژنـامەکە لەو قۆنـاغەدا، وەک دۆکیـومێنتێکی مـێژوویی، وێـنەیەکی زینـدووی هەڵوێسـت و کاردانەوە سیاسییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد نیشان دەدات و ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ئەو گۆڕانکارییە خێرا و چارەنووس سازانەیە کە لەو سەردەمەدا ڕوویان داوە.

میتۆدی توێژینەوە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، میتۆدی مێژوویی- شیکاری بەکارهاتووە. لە رێگەی ئەم رێبازەوە، سەرەتا ڕووداوەکان وەک خۆیان لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکەدا دەستنیشان کراون، پاشان بە پشتبەستن بە شیکاریی ناوەڕۆک ،هەوڵدراوە پەیوەندیی نێوان گوتاری ڕۆژنامەگەری و ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی ئەو سەردەمە شیبکرێتەوە. ئەم میتۆدە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە نێوان ڕووداوەکان و هەڵوێستی سیاسیی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا تێگەیشتنێکی لۆژیکی و مێژوویی دروست ببێت.

ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵدایە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێک ئامانجی سەرەکی، کە بریتین لە:

١ .دەرخستنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕی ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ لە گواستنەوەی ڕەوشی خەباتی شاخ بۆ دەرەوەی سنووورەکان و ئاشناکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ڕەوشی مرۆیی لە باشووری کوردستان.

٢ .شیکردنەوەی ئەو گوتارە سیاسییەی کە ڕۆژنامەکە لە رێگەیەوە هەوڵی یەکخستنی ڕیزەکانی گەلی کوردی داوە و چۆنێتیی گۆڕینی ئاراستەی خەباتی لە شێوازێکی حیزبیی تەسکەوە بەرەو پڕۆژەیەکی نیشتمانیی گشتگیر.

٣ .بەدۆکیۆمێنتکردنی سیاسەتە سیستماتیکەکانی ڕژێمی بەعس لە وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری و ڕاگواستنی زۆرەملێ، وەک بەشێک لە ستراتیژی پاکتاوی نەژادی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا.

٤. خستنەڕووی ئەو هەوڵە دیپلۆماسییانەی کە لە رێگەی گوتاری ڕۆژنامەگەرییەوە بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی دۆزی کورد و بەگژداچوونەوەی بێدەنگیی زلهێزەکان لە ئاست کۆمەڵکوژی و کارەساتەکان بەکارهاتوون.

پلانی توێژینەوە:

بەشەکانی ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەرەی سەرەکیدا رێکخراون :

تەوەری یەکەم: بە وردی لەسەر ناسنامە و بنەماکانی کاری ڕۆژنامەگەریی ئەرکی نوێ دەوەستین. لەم بەشەدا شرۆڤەی ئەوە دەکەین کە ڕۆژنامەکە چۆن توانیویەتی لە لەچوارچێوەی تەسکی حیزبایەتی دەربچێت وەک زمانحاڵێکی نیشتمانی کار بکات، هەروەها ڕوونی دەکەینەوە کە چۆن سەرەڕای قەیرانی دارایی و کەمیی کەرەستە و ستافی پسپۆڕ، ڕۆژنامەکە توانیویەتی وەک سەکۆیەکی کاریگەر، گوتارێکی متمانەپێکراو بۆ ڕەوەندی کوردی و کۆمەڵگەی دەرەوە دروست بکات و خەباتی شاخ بە شێوەیەکی پیشەیی دۆکیۆمێنت بکات.

تەوەری دووەم: تایبەتە بە لایەنی سیاسی و نەتەوەیی. لێرەدا شیکاری دەکەین کە چۆن ڕۆژنامەکە هانی داوە شۆڕش لە ئاستی خەباتی حیزبییەوە بۆ ئاستی پڕۆژەیەکی نیشتمانیی گشتگیر بەرز ببێتەوە. هاوکات تیشک دەخەینە سەر ڕۆڵی ئەرکی نوێ لە پشتیوانیکردنی

دروستبوونی بەرەی کوردستانی بۆ یەکخستنی ریزەکانی گەل وەک تەنیا بژاردەیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان.

تەوەری سێیەم: تەرخانکراوە بۆ ئاشکراکردنی سیاسەتە ستەمکارییەکانی ڕژێمی بەعس لە ڕاگواستنی زۆرەملێ و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان، لەم تەوەرە باس لە هەوڵەکانی ڕۆژنامەکە دەکەین بۆ گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتیی کورد بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پەرلەمانی ئەورووپا، بەمەبەستی بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەی کورد و بەدۆکیۆمێنتکردنی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی.

سەرچاوەکانی توێژینەوە:

سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە بە پلەی یەکەم لەسەر ئەرشیفی ڕاستەوخۆی خودی ڕۆژنامەکە لەو ماوە مێژووییە دیاریکراوەدا وەستاون، بە شێوەیەک لە تەوەرەکانی تایبەت بە لایەنە شیکاری و مێژووییەکاندا، تەنیا پشت بە بابەت، دۆکیۆمێنت و زانیارییەکانی ناو ئەرشیفی ڕۆژنامەکە بەستراوە. لە کاتێکدا تەنیا لەو تەوەرەدا کە تایبەت بووە بە ناساندنی پاشخان و مێژووی دامەزراندنی ڕۆژنامەکە، سوود لە چەند سەرچاوە و ژێدەرێکی دەرەکی و لاوەکی وەرگیراوە.

تەوەرەی یەکەم: ناساندنی ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ

مێژووی ڕاگەیاندنی حیزبە کوردییەکان بە گشتی، ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە تایبەتی پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ورد هەیە، چونکە خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەند لە داهێنان و تێکۆشانە لە بواری بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار لە ناوەوەی کوردستان (شاخ) و لە دەرەوەی کوردستان، کە دۆزی ڕەوای گەلی کوردیان بە جیهان دەناساند ، دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ کاروانی خەبات و تێکۆشان بە ڕابەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە(شۆڕشی نوێدا) [1]دەستپێکردەوە (ئەحمەد،٢٠٠٤،ل٥-٦). یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەم قۆناغە نوێیەی خەباتدا شانبەشانی خەباتی پێشمەرگایەتی، گرنگییەکی زۆربە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری داوە لە دەرەوەی کوردستان بەتایبەت لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا، کۆمەڵێک گۆڤار و بڵاوکراوەی جۆراوجۆری بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی. و هۆڵەندی بڵاوکردووەتەوە (ئەحمەد،٢٠١٣،ل٧).یەکێک لەو بڵاوکراوانە ڕۆژنامەی ئەرکی نوێیە کەبەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو) لەشاری ئۆپسالای وڵاتی سوید دەرچووە،یەکەمین ژمارەی لەتشرینی یەکەمی ١٩٨٧ دەرچووە،دوا ژمارەش کەژمارە(٦)ە لەتشرینی یەکەمی١٩٨٨ دەرچووە(تەنیا،٢٠١٣،ل١٩٧). واتە لەماوەی ساڵێکدا تەنیا شەش ژمارەی لێدەرچووە.

ئەگەرچی دەستەی نووسەرانی ئەرکی نوێ ناوەکانیان لەسەرڕۆژنامەکە نەنووسراوە،بەڵام لەڕاستیدا(ڕێکەوت عوسمان مەجید) [2]سەرنووسەری بووە،هەریەک لەشێرکۆبێکەس(١٩٤٠-٢٠١٣) ومەحمودی مەلاعەزەت (١٩٣٩-٢٠٠٥)کاریان تێداکردووە (ئەسەرد،٢٠٢١،ب١،ل١٣٣). هەرچەندە ئەرکی نوێ لەبنەڕەتدا بڵاوکراوەیەکی سیاسی وهەواڵ نامەیی بوو،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک بڵاوکراوەیەکی تاک حیزبیی خۆی دەرنەخستووە، بەڵکو زێترکاری لەسەر بڵاوکردنەوەی

هەواڵ وگواستنەوەی ڕووداوەکان کردووە، هەوڵیداوە ڕوومالّی ڕووداوەکانی ناوخۆی کوردستان وجیهان بکات، تا ببێتە پردێکی بەهێزی گەیاندن لە نێوان ناوەوەودەرەوەی کوردستاندا(ئەحمەد،٢٠١٣،ل٧). لەم سەروبەندەدا زۆر بایەخی بە بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی ناوخۆی وڵات و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە داوە و بەشێکی زۆری ئەو میدیا ڕۆژئاواییانەی بەسەر کردووەتەوە کە بابەتیان لەسەر مەسەلەی کورد بڵاوکردووەتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم ناسنامە سیاسییەدا ڕۆژنامەکە لایەنی ئابووری،کۆمەڵایەتی ،فەرهەنگی وفیکری پشتگوێ نەخستبوو، پەراوێزێکیشی- بۆ بواری ئەدەب و وێژە هێشتبووەوە، لە ژمارە (٢)دا پاشکۆیەکی ئەدەبی لە دووتوێی دوو لاپەڕەدا تەرخان کردبوو کە بۆ وتارێکی شێرکۆ بێکەس تەرخان کرابوو(ئەسەسەرد،٢٠٢١،ب١،ل١٣٣).

لەڕووی شێوەولایەنی هونەرییەوە ڕۆژنامەکە بەشێوەیەکی هونەری دیزاینی کراوە،بابەتەکان بەتایپی (IBM) تایپکراون،دوای نەخشەسازی ودیزاییکردن بەئۆفێست چاپکراوە،هەرشەش ژمارەکە لەسەرقەبارەی فولسکاب/A4 چاپکراوە(ئەحمەد،٢٠١٣،ل٧). یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ ڕاگرتنی هاوسەنگی بوو لە نێوان دەقی نووسراو و دیمەنی بینراودا . ڕۆژنامەکە لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتەیدا بە شێوەیەکی پێشکەوتوو سوودی لە فۆتۆگراف، هێڵکاری و وێنەی دۆکیۆمێنتاری وەگرتووە بۆ بەهێزکردنی ڕاپۆرت و گوزارشتە میژوویییەکانی،بۆنمونە: لە ژمارە (٢)دا لە لاپەڕە ٧ وێنەی دوو منداڵی برینداری کە بەرکەوتەی چەکی کیمیاوین بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە ٩ وێنەی پاڵاوگەیەکی نەوت داندراوە ، لە ژمارە (٣)دا لە لاپەڕە ١٢ وێنەی پێشمەرگەیەک لە بەرەی جەنگدا، لە لاپەڕە ٢٢ هێڵکارییەکی هونەری بڵاوکراوەتەوە، لە ژمارە (٤)دا لە لاپەڕە ٧ وێنەی ئەخۆل(١٩٨٨-١٩١١) ی شاعیر،لە لاپەڕە ٨ هێڵکارییەکی تر بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر داندراوە،تەنیا ڕەنگی ڕەش بەکارهاتووە،تەنانەت ناوی ڕۆژنامەکەش هەربەڕەنگی ڕەش چاپکراوە(ئەحمەد،٢٠٠٤،ل١٠٤).

ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ شێوازی تایبەتی خۆی هەبوو لەدارشتنی مانشێتەکان بەجۆرێک ڕستەی کورت و چڕی بەکارهێناوە، ڕۆژنامەکە هەوڵیداوە بە کەمترین وشە، گەورەترین ڕووداوی ڕۆژ بخاتە ڕوو،ئەمە جگە لەوەی مانشێتەکان وەک نەخشەیەک بۆ ئاراستەکردنی خوێنەر بەکارهاتوون، بە شێوەیەک هەڵبژاردنی مانشێتەکان هەمیشە پابەند بووە بە پێوەرە تەکنیکییەکانی ڕۆژنامەوانی بۆ گەیاندنی ناوەرۆک بە شێوازێکی خێرا و کاریگەر (ئەحمەد،٢٠٠٤،ل١٠٤). کەواتە ئەم شێوازە لە دارشتنی خێرا پیشاندەری لێهاتوویی ستافەکەیە، لە بەکارهێنانی تەکنیکی ڕاگەیاندنی جەنگی بە مەبەستی ڕوومالّکردنی دەستبەجێی تاوانەکان.

هەرچی سەروتارە،ئەوا لەم بڵاوکراوەیەدا تەنیا بابەتێکی ڕۆژنامەوانی نەبووە، بەڵکو ڕۆڵی وتاری فەرمیی گێڕاوە بۆ گەیاندنی بیروڕای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامان و ڕای گشتی، سەروتارەکان ئامرازێکی سەرەکی بوون بۆ شیکردنەوە و هەڵوێست وەرگرتن لەو ڕووداوە هەنووکەییانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسیدا ڕوویان دەدا، ئەم سەروتارانە ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ بوون بۆ دەربڕینی هەڵوێستی فەرمی، بەتایبەت لەو دۆخە هەستیارەی کوردستاندا کە بابەتەکانی وەک

دۆزی ڕەوای کورد، کارەساتی کیمیاباران هەڵەبجە، هەوڵەکانی ڕژێمی بەعس بۆ بەعەرەبکردنی کوردستان، گرنگیی پێشمەرگە و پێویستیی دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ کەپێویستیان بە ڕوونکردنەوەی سیاسیی و نیشتمانیی هەبووە بۆ ئاراستەکردنی ڕای گشتی(ئەحمەد،٢٠٠٤،ل١٠٥). یەکێکی دیکە لەتایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەکە بەکارهێنانی ناوی خوازراو و بابەتی بێناو بوو،سیاسەتی نووسین لە بڵاوکراوەکەدا ڕێگەی بە بەکارهێنانی ناوی خوازراو و بڵاوکردنەوەی بابەتی بێناو داوە، ئەم دیاردەیە لەلایەک ئاسانکاری بۆ نووسەران کردووە لە دۆخە هەستیارەکاندا، لەلایەکی دیکەشەوە وەک تایبەتمەندییەکی ڕاگەیاندن لەو سەردەمەدا بەکارهاتووە. سەرنووسەری بڵاوکراوەکە خۆی لەم بوارەدا چالاک بووە و چەندین بابەتی بە ناوی خۆی و بە ناوی خوازراو بڵاوکردووەتەوە ، هاوکات چەندین نووسەری دیکەش لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە بەشداربیان لە دەوڵەمەندکردنی بابەتەکانی بڵاوکراوەکەدا کردووە (ئەسەسەرد،٢٠٢١،ب١،ل١٣٤).

لە ڕووی زمانەوانییەوە، شێوازی داڕشتنی بابەتەکانی ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ دوو لایەنی جیاوازی هەبوو :

لایەنی نەرێنی (ڕەخنەیی): شێوازی نووسینی بابەتەکان زۆرجار دەکەوتە داوی زمانی ئەدەبی و درێژدادڕی، ئەمەش لە ڕووی ڕۆژنامەوانیی پیشەییەوە دەبووە هۆی کەمکردنەوەی توندی و کاریگەریی هەواڵە سیاسییەکان و زیانی بە گەیاندنی خێرای پەیامەکە دەگەیاند.

لایەنی ئەرێنی: سەرەڕای ئەو درێژدادڕییە، زمانی گشتیی بابەتەکان بە کوردییەکی پاراو، بێ گرێ و گۆڵ دەنووسرا ، نووسەرانی ڕۆژنامەکە پارێزگارییان لە ڕەسەنایەتی زمانەکە دەکرد، بە شێوەیەک کە کەمترین وشە و زاراوەی بێگانە یان تێکەڵاو لە دەقەکانیاندا بەدی دەکرا (ئەحمەد،٢٠٠٤،ل١٠٦-١٠٧). ئەمەش خاڵێکی بەهێز بوو بۆ پاراستنی شوناسی فەرهەنگیی ڕۆژنامەکە لە دەرەوەی وڵاتدا .

سەرباری ئەو پێشکەوتنانە ئەرکی نوێ لە کاتی دەرچوون و بەردەوام بوونیدا ڕووبەڕووی چەندین گرفتی دارایی،هونەری ولۆجستی ببووەوە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر کاتەکانی دەرچوونی و قەبارەکەی دروستکردبوو. لە ڕووی دارایەوە، ڕۆژنامەکە بۆ دابینکردنی تێچووی کارەکانی پشتی بە پارەی بەشداریی خوێنەران (ئابونە) دەبەست لە ڕێگای پۆستەوە خوێنەران دەیانتوانی بەکڕینی (٦-١٢)ژمارە بەشداری بکەن، کە نرخی هەرژمارەیەک بۆخوێنەرانی سوید ١٢ کرۆن بوو،بۆخوێنەرانی وڵاتانی دیکەش نرخەکەی ٢دۆلار دیاریکرابوو(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی ١٩٨٧،ل١٧؛ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل٢٠) .

کەواتە داهاتەکە هێندە کەم بووە نەیتوانیوە تێچووی پرۆسەکە دابین بکات، بە شێوەیەک ڕۆژنامەکە لە بری دەرچوونی ١٢ ژمارە لە ساڵێکدا (واتە مانگی یەک ژمارە)، تەنیا ٦ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، ئەم کەمبوونەوەیە بە ڕێژەی ٥٠% لە بەرهەمهێنان، گوزارشت لە قەیرانێکی دارایی دژوار دەکات کە نەیهێشتووە ڕۆژنامەکە پابەند بێت بە کاتەکانی دەرچوونییەوە.

ئەم قەیرانە داراییە ڕاستەوخۆ کاریگەری کردە سەر قەبارەی ڕۆژنامەکە،بەشێوەیەک کەژمارەی لاپەڕەکانی جێگیر نەبوو، ژمارە ١ و ٢ بە (٢٠) لاپەڕە و ژمارە ٣ بە (٢٢) لاپەڕە دەرچوون، بەهۆی تونبووونی کێشەکانەوە لە ژمارە ٤دا کەمبوونەوە بۆ (١٤) لاپەڕە و لە ژمارەکانی ٥ و ٦دا کورتکرانەوە بۆ تەنیا (١٢) لاپەڕە(ئەسەسەرد،٢٠٢١،ب١،ل١٣٤). تەنانەت هەندێک جار چاپکردنی ژمارەیەکی نوێ دوو مانگ زیاتر لە کاتی دیاریکراوی خۆی دوا دەکەوت(ئەرکی نوێ،ژ٤،تەموزی ١٩٨٨،ل١٤). هاوکات پرۆسەی چاپکردن و لایەنی هونەری کۆسپێکی دیکەی بەردەم کارگێڕی ڕۆژنامەکە بوو، بەو پێیەی نەبوونی ستافی پسپۆڕی پیتچنی ودیزاین، ببووە هۆی دواکەوتنی چاپ و تەنانەت دروستبوونی هەڵەی زۆری ڕێنووس وخاڵبەندی لەبابەتەکاندا، کە کارگێڕی ڕۆژنامەکە لە بەشی نامەی خوێنەراندا داوای لێبوردنیان لەسەر کرووە(ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل٥)،لەپاڵ ئەمەشدا کێشەی گەیاندن و نارێکیی سیستەمی پۆستە لە ئەوروپا ئاستەنگێکی دیکەی بەردەم گەیشتنی ژمارەکان بوو بۆ دەستی خوێنەران، ناوەڕۆک و نەبوونی نووسەری پێویست گرفتێکی دیکەی بەردەم ڕۆژنامەکەبوو، چونکە ئەرکی نوێ ژمارەیەکی کەمی نووسەری جێگیری هەبوو، هەمیشە پێویستی بە بابەت و وتاری نوێ هەبوو بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەکانی(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی ١٩٨٧،ل١٨).

بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیران وئاستەنگانە، دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە فۆرمێکی کراوە و جەماوەرییان گرتبووەبەر ئەوان پێیان وابوو بەردەوامیی ڕۆژنامەکە تەنیا لە ئەستۆی ئەواندا نیە، بەڵکو پێویستی بەهاوکاری ڕاستەقینەی خوێنەران هەیە ، بۆیە لەگۆشەولاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا دروشمێکی ڕوونیان بڵاوکردبووەوە کە تێیدا هاتبوو:***"ئەرکی نوێ بیخوێنەرەوە و ڕەخنەی لێ بگرە و بابەتی بۆ بنێرە وکۆمەکی بکە"*** (ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ل٨،١٦). وەک دەردەکەوێت ئەم داوایە سێ ڕەهەندی گرنگی هەبووە،هاندانی ڕەخنە بۆ چەسپاندنی بیروڕای ئازاد ، داواکردنی بابەت بۆ پڕکردنەوەی کەمیی نووسەران ، داواکردنی کۆمەک بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دارایی ڕۆژنامەکە ،تا وەک دەنگێکی دڵسۆز لە ئەوروپادا بمێنێتەوە .

دەکرێ بڵێین ڕۆژنامەکە وەک مینبەرێکی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بووە، کە هەوڵیداوە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بابەت و وتاری جۆراوجۆرەوە، هەم گوزارشت لە خواست و هۆشیاریی نەتەوەیی گەلی کورد بکات و هەم ببێتە پردێکی گرنگی پەیوەندی لە نێوان ڕەوەندی کوردی لە ئەوروپا و ناوەوەی کوردستاندا، واتە ڕۆژنامەکە ڕەهەندێکی کوردستانی هەبووە،دیارە ئەم شێوازە کراوەیە لە بڵاوکردنەوە لە پێناو دروستکردنی گیانی یەکگرتووویی، هاوسۆزی و یەکڕیزیی گەلی کورد بوو لەو سەردەمەدا، چونکە نیشتمان لە ژێر مەترسیی لەناوچوونی شوناسدا بوو و پێویست بوو ڕاگەیاندن لە دەرەوەی بەرژەوەندییە تەسکە حیزبییەکاندا کار بکات، بۆ کۆکردنەوەی هەموو لایەک لە دەوری یەک پەیامی نەتەوەیی.

تەوەرەی دووەم: بزاڤی ڕۆژنامەوانی گەلی کورد لە دیدی ڕۆژنامەی ئەرکی نوێدا

بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا بەسەر بیری سیاسیی کوردیدا هاتن، پێویستە لە ڕوانگەیەکی گشتگیری میژوویییەوە شیکاری بۆ ئەو

ساتەوەختە بکرێت کە تێیدا ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ وەک دەنگێکی هۆشیارکەرەوە و ڕەنگدانەوەی قۆناغەکە دەرکەوت.

گوتاری سیاسیی ڕۆژنامەکە لە یەکەمین ساتەکانی دەرچوونییەوە، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی تەنیا وەک کاردانەوەیەکی سەربازی نەدەبینی، بەڵکو وەک پڕۆژەیەکی قوواڵی نەتەوەیی و مرۆیی وێنا دەکرد کە ئەرکی پاراستنی شوناسێکی ستەم لێکراووهەڕەشەلێکراوی لەسەر شانە،ئەم دیدگایە بۆ دۆخی کورد لەو کاتەدا ڕەنگدانەوەی ترسێکی قووڵ بوو لە سیاسەتە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکانی ڕژێمی بەعس بۆ سڕینەوەی میژووی کورد ، ڕۆژنامەکە گوزارشتی لە قەبارەی مەترسییەکە دەکرد و ئاماژەی بەوە دەدا کە ئامانجی ڕژێم، شێواندن و داماڵینی گەلی کوردە لە تەواوی بنەما میژوویی و نەتەوەییەکانی، کە ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی لوولەی تفەنگەوە جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی سڕینەوەی یادگەی میژوویییەوە دەسەپێنرێت، هەر بۆیە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی کرابووە ئەرکێکی پیرۆزی بزووتنەوەکە(ڕەوا،ژ٤،تەموزی١٩٨٨،ل٢-٣،٨؛ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری ١٩٨٨،ل١،١٨). لە پاڵ ئەم هۆشداریەدا، ڕۆژنامەکە مانایەکی قووڵتری بە چەمکی سەرکەوتن دەبەخشی و دەیبەستەوە بە پاراستنی کرۆکی نەتەوەییەوە. لە دیدی ئەرکی نوێدا ، سەرکەوتن تەنیا دەست بەسەرداگرتنی سەنگەرێکی سەربازی نەبوو، بەڵکو پارێزگاریکردن بوو لەو ژینگەیەی کە کورد وەک نەتەوە تێیدا دەژی و گەشە دەکات، بە دەربڕینێکی ڕوونتر، جەختی لەوە دەکردەوە کە کوردستان مەڵبەندی ژیانە نەک تاقیگەیەک بۆ سیاسەتە وێرانکەرەکان(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی ١٩٨٧،ل١).

ئەم دەربڕینانە وەک پاڵنەرێک وابوون بۆ هێشتنەوەی بزووتنەوەکە لە چوارچێوەی بەرخۆدانێکی ڕەوادا، هاوکات بەڵگەیەکی ڕوونیش بوون لەسەر ئەوەی کە خاڵی بەهێزی نەتەوەی کورد لەو سەردەمەدا، لە ڕەوایەتیی دۆزەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە.

ڕەنگدانەوەی ئەم تێڕوانینە نەتەوەیی ونیشتمانییە، بە زەقی لە مامەڵەکردن لەگەڵ شاڵاوەکانی بەعەرەبکردندا دەردەکەوێت. کاتێک ڕۆژنامەکە درک بە گەیشتنی مەترسییەکە بۆ سەر بوونی نەتەوەیی دەکات، گوتارێکی هێرشبەرانە دژی پڕۆژەی تێکدانی هاوسەنگی دانیشتوانی ناوچەکە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەگرێتەبەر،لەم بارەیەوە دەنووسێت: "***ستراتیجی بەعس لەعێراقدا سەبارەت بەمەسەلەی کورد، ڕووی لەوەیە کە لە بنجەوە ریشەکێشی. بکات ، لەبەرئەوەی مەسەلەی کورد و شۆڕشەکەی بەمەترسیەکی بەردەوامی سەرپاشەڕۆژی عیراق ئەزانێ، بۆیە ستراتیژەکەی لەم بوارەدا بەوجۆرە داڕشتوە کە خەڵکی کوردستان لەبۆتەی عیراقی بون دا بەعەرەبیان بکات، جوڵانەوە ڕزگاریخوازەکەشی پوچەڵ بکاتەوە و لەباری بەرێ. بنچینەی ستراتیژەکەی لەسەر ئەو بنەمایانە داڕشتوە کەلەڕوی میژوییەوە ڕابوردوی کۆنی کورد کوێربکاتەوە و سەروەریی کانی خۆپاراستنی بشێوێنێ و بەمیوانی سەرخاکی دەوڵەتی عیراقیان بداتە قەڵەم، ڕێوشوێنی تواندنەوە و سڕینەوەی شوێنەواری نەتەوایەتی کوردستان بکاتە دیاردەیەکی ئاسایی و پێشکەوتوانەی ژیانی تێکەڵبون و بەناوی چارەنوسی هاوبەشی عیراقیەکانەوە ناوی کوردوکوردستان لەمێشکی خەڵکی عیراقدا بکاتە شتێکی نامۆ و بیسڕێتەوە. ستراتیجی بەعس بۆئەوەیە قوڵایی نەتەوەیی و ستراتیجی***

جـولانەوەی گەلەکەمـان تێک بـدات و بۆشـایی گەورە بخـاتە نێـوان خەڵکی کوردسـتان و شۆڕشەکەیەوە.لەهەر ناوچەیەک کە بایەخی ئابووری و گرنگی ئەمنی هەبێ بۆسـەر دەوڵەت کوردی لێ هەڵ بکەنێ و پەرەوازە و دەربەدەریان بکات و لەجێگەیان عەرەب نشینی بکات، سیاسـەتی تەرحیـل و تەعریـب جێ بەجێ کـردنێکی بەکـردەوەی سـتراتیجی بەعسـە. ئەو ستراتیجە بۆ ئەوەیە لەلایەک پەیوەندی جـولانەوەی گەلەکەمان لەعێراقـدا بەبەشـەکانی تری کوردستانەوە بپسـڕێ و کەڵێن ودەڵاقەی گەورە بخاتە نێوانیانەوە، لەلایەکی تریشـەوە لەناو عیراقـدا ئاژاوە و ناکۆکی تونـد بۆ هێزەکان دروسـت بکات و جـولانەوەی گەلەکەمان دوچاری داهێزران و خۆخۆری بکات "(ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل٢١).

وەک دەردەکەوێت کە شیکارییەکانی ڕۆژنامەکە لێرەدا قووڵ دەبنەوە تەنیا ڕەهەندەکانی بەعەرەبکردن نابینن، بەڵکو وەک هەوڵێکی مەترسیدار بۆ پچڕاندنی ڕیشەی مرۆڤی کورد لە زێدی باوباپیرانی لێکیدەداتەوە، کە ئامانجی کۆتایی سڕینەوەی یەکجارەکیی شوناس وبوونی نەتەوەییە لە داهاتوودا .

لێرەوە، ڕۆژنامەکە تیشک دەخاتە سەر کەلێنێکی گەورەی نـاو بـزووتنەوەکە، ئەویش نەبـوونی پلانـێکی تـۆکمەی جەمـاوەرییە بـۆ بەگژداچـوونەوەی ئەم شـاڵاوانە. ئەم ڕەخـنەیە پێداگرییەکە لەسـەر پێویستیی گۆڕینی بزاڤەکە لە تەنیا هێزێکی چەکدارەوە بۆ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی فرەڕەهەند، کە توانای گرێدانەوەی تاکی کوردی بە خاکەکەیەوە هەبێت و ڕێگری لە تـوانەوەی بکات لە بـۆتەی عێراقیبوونـدا(ڕەوا،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١٦). لە دیـدی ئەرکی نوێدا، بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەم قۆناغەدا پێویستی بە پێناسەیەکی سەردەمیانە بۆ خەباتی چەکداری هەبووە. ڕۆژنامەکە لە گوتاری خۆیدا ڕەوایەتییەکی تەواو بە هەڵگرتنی چەک دەدات، نەک وەک ئامرازێکی پەلاماردان یان ململانێی حیزبی ،بەڵکو وەک قەڵغانێکی نیشتمانی بۆ پاراستنی گەل لە مەترسیی لەناوچوون. بەپێی تێڕوانینی ڕۆژنامەکە، چەمکی پێشمەرگە لەم قۆناغەدا لە چوارچێوە بەرتەسکە حیزبییەکەی دەردەهێنرێت و وێنای سـوپایەکی پارێزەری نەتەوەیی بـۆ دەکرێـت، کە تەنـانەت لەژێـر مەترسـییە گەورەکـانی وەک هـێرشی کیمیاویشـدا سـەنگەری بەرگـری بـۆ پاراسـتنی گەلی کـورد چـۆڵ ناکـات (ئەرکی نـوێ،ژ٢،کـانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١-٢؛ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١٧). ئەمە هەنگاوێـک بـوو بـۆ بەنیشتمانیکردنی بەرخۆدان و هێشتنەوەی متمانەی جەماوەر بە بزووتنەوەکە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی هەمەلایەنەی ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ بۆ بزاڤی ڕزگـاریخوازی کـورد، تەنیـا لە سـتایش کردنـدا کـورت نـابێتەوە، بەڵکـو لە چوارچێـوەی هاوسەنگییەکی ڕەخنەیی تووندیشدا دەردەکەوێت، بەتایبەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەبارەی ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی کوردی دەبوونەوە. کارەساتی هەڵەبجە وەک زەنگێکی ئاگادارکەرەوە و بەڵـگەیەکی حاشـاهەڵنەگری شـەڕی مـان و نەمـان دەخـرێتە ڕوو، ڕۆژنـامەکە سەرنج دەخاتە سـەر ئەو ڕاستییەی کە پەرتەوازەیی هێزەکان و ململانێ ناوخۆییەکان، دەردێکی کوشـندە بـوون کە پاساویان بە جیهان دەدا لە ئاسـت تراژیـدیای کـورددا بێدەنگ بێت. بۆیە، یەکخستنەوەی سەرجەم هێزەکان وەک مەرجی یەکەمی مانەوە دیاری دەکرێت، چونکە ڕژێمی

بەعس لە پرۆسەی سرینەوەدا جیاوازی لە نێوان هیچ ئاراستەیەکی کوردیدا ناکات (ئەرکی نوێ،ژ٤،تەموزی١٩٨٨،ل١٠،١).

ڕۆژنامەکە ئومێد بە هێزی گەل دەبەخشێتەوە. درک بەوە دەکات کە وەڵامدانەوەی ئەو شاڵاوە وێرانکەرانە، پێویستی بە یەکڕیزیی پۆڵایین هەیە. لەم سۆنگەیەوە، ڕۆژنامەکە ڕێککەوتن و بەیاننامەی هاوبەشی نێوان پارتە سیاسییە کوردییەکان وەک وەرچەرخانێکی مێژوویی ئەرێنی هەڵدەسەنگێنێت. ئەم هەنگاوە، زەمینە سازیی بەهێز بوو بۆ چەسپاندنی پایەکانی بەرەی کوردستانی [1]کە بووە قەڵغانێکی پتەو بۆ پاراستنی مانەوەی نەتەوەیەک(ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١،٦،١٥). ئەم گواستنەوەیە لە ڕەخنەی ناوخۆییەوە ڕەنگدانەوەی بەسەر ئاراستەی گوتاری دەرەکی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بزووتنەوەکەشدا هەیە. ڕۆژنامەکە وەک ڕەخنەگرێکی سەرسەخت دژی ئەو چەق بەستوویە دەوەستێتەوە کە بزاڤی کوردی تێدا قەتیس مابوو،لەبری ئەوە جەخت لەسەر داهێنانی زمانێکی هاوچەرخ و فراوان دەکاتەوە کە توانای یەکگرتنی هەبێت لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن و ویژدانی مرۆڤایەتیدا. لەم قۆناغەدا، کێشەی کورد لە کێشمەکێشێکی ناوخۆیی نێوان حیزب و دەوڵەتەوە، بەرز بکرێتەوە بۆ پرسێکی باڵای مافی مرۆڤ و بەشێکی دانەبڕاو لە بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی جیهان(ڕەوا،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١٦؛ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل١،١٨-١٩).

لەم سۆنگەیەوە،ڕۆژنامەکە لاوازیی گوتار و دیپلۆماسیی بزووتنەوەکەی وەک خاڵێکی لاواز دەست نیشان دەکات ،هانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەدات چەمکی مافەکانی مرۆڤ بکاتە چەکی سەرەکیی تێکۆشانی ئەمەش بە تاکە ڕێگا دەزانێت، بۆ ئەوەی کارەساتە نەتەوەییەکان لە ناوەندە جیهانییەکاندا بەباشی دەنگ بدەنەوە. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوەدەکات ودەنووسێت: ***"پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی کورد لەگەڵ دەوڵەتان و دنیای دەرەوە زۆر لاوازە و لەئاستی نەبوودایە، چونکە لەسەر بنەمای ئابووری و بەرژەوەندی و دەسکەوتی مادی نی یە، زیاتر پەیوەندی سیاسی و تێگەیشتن و هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانەیە سەبارەت بەمەسەلەی کورد و هەڵسەنگاندنیان بۆ سەنگ و دەوری جوڵانەوەکەی لەناوچەکەدا . کورد خاوەنی باڵوێزخانەو نوێنەری ڕەسمی باوەڕپێکراوی دەوڵەتان نی یە، وەک شۆڕشی فەلەستین خاوەنێتی ، مەسەلەی کورد تائێستا لەسەر ئاستی دنیا و لەبەرچاوی زل هێزەکان مەسەلەیەکی بزوێنەر نی یە کە کۆڕی ئەودەوڵەتانە گەرم بکات، مەیدانی شۆڕشەکەشی نەبۆتە جێگەی ساغ کردنەوەی چەک و هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکانیان. بازنەی پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی کورد، بارودۆخێکی ئاڵۆز و سنور تەسک و مەودا کورت بووە، زۆرجار لەپەیوەندی ئاسایی و سادەوە پێی ناوەتە پەیوەندی توند وتۆڵ و بەگرێ وگۆڵ ... گەر پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی کورد لەسەر ئاستی هێزە سیاسیەکان تارادەیەک هاوسەنگ و هاوکێش بوبێ، ئەو پەیوەندیانە لەگەڵ دەوڵەتان هەردەم ناهاوسەنگ و نابەرامبەر بوە "*** (ڕەوا،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٨-١٩).

هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ لەهەمبەربزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەچێتە قۆناغێکی باڵاتری شیکاریی هەمەلایەنەوە ، هاوکێشە ناوخۆییەکان بە ملمانێ نێودەوڵەتییەکانەوە گرێ دەدات ،ڕۆژنامەکە ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی سیاسەتی وڵاتانی زلهێز

وەک:(ئەمریکا، ئەورووپا،وڵاتانی سۆسیالیست) دەکات ،کە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و جیۆپۆلەتیکییەکانیاندا چاوپۆشی لە درندەییەکانی بەعس دەکەن،ئەرکی نوێ ئەم بێدەنگییەی بەپەڵەیەکی شەرمەزاری مێژوویی لەقەڵەم دەدات(دەرگەلەیی،ژ٣، ئازاری١٩٨٨،ل١٠؛ڕەوا،ژ٦،ئۆکتۆبەری١٩٨٨،ل٢،١٠؛ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١٤-١٥؛ئەرکی نوێ،ژ٦،ئۆکتۆبەری١٩٨٨،ل١،١١).

بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە پرسی کورد تەنیا کێشەیەکی ناوخۆیی عێراق نییە، بەڵکو چەقی سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە وبەبێ چارەسەرکردنی دۆزی کورد،هەوڵی ئاشتی لەناوچەکەدا بێ ئاکام دەمێنێتەوە لەم بارەیەوە ڕۆژنامەکە تیشک دەخاتە سەر ئەم بابەتەو دەنووسێت:**"مەسەلەی کورد و شۆڕشەکەی ئەو خاڵە گرنگە ئەبێ، کەهەردوو دەوڵەت بەناچاری ئەبێ هەڵوێستی خۆیانی لەسەر ساغ بکەنەوە.بەو واتایەی وەستاندنی شەڕ و کوشتاری دژ بە یەک، ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی نێوان خۆیان، سەوداکاری بەرامبەر یەکتر لەسەر دیل و زیانەکان و جۆری بژاردنی...هتد، کافی نین بۆ خولقاندنی جەوێکی ئارام لەناوچەکەدا.. مەسەلەی کورد و شۆڕشی کوردستان لەوە دەرچوە لەچوارچێوەی سنورە دەستکردەکان دا قەتیس بکرێ و بخنکێنرێ. مێژووی دەیان ساڵی ڕابووش چاک ئەو ڕاستییەی سەلماندوە کە ئاشتی ڕاستەقینە، ئاشتی خەڵک و نەمانی جەور و ستەمی سەربانە، لابردنی کۆتی دیلێتی و ئازاردانە.. ڕۆژگاری ئەمڕۆش دەرسێکی نوێی بەردەم ڕای گشتی جیهانە، بێ چارەسەری مەسەلەی کورد ئاشتی لەم ناوچەیە نایەتە دی، کورد ئەبێ سەربەست بژی، گەر واش نەبێ، هەردەم ئەو مەترسیە بەردەوامەیە کە هەڕەشە لە سیستەمی داگیرکەران ئەکا و ناشهێڵێ ناوچەکە کە لە ئاشتیە کی درۆ و زاڵمانەدا ئارام بێ"** (ئەرکی نوێ،ژ٥،ئابی١٩٨٨، ل١١).

بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە سەختە و ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانە هەرێمییەکان، ڕۆژنامەکە تاکە ڕێگای دەربازبوون لە دامەزراندنی سوپایەکی نیشتمانی و هێزێکی بەرگریی تۆکمەدا دەبینێتەوە، کە لە پاڵ هۆشیاریی سیاسی و یەکڕیزیی نەتەوەییدا، بتوانێت دۆزی کورد بپارێزێت و بیسەلمێنێت کە بزاڤی کورد فاکتەرێکی سەرەکیی سەقامگیرییە، نەک تەنیا قوربانییەکی بێدەنگی ململانێی زلهێزەکان(ڕەوا،ژ٥،ئابی١٩٨٨،ل٢-٣).

کەواتە ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ وەک ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی قۆناغێکی هەستیاری بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەردەکەوێت، کە توانیویەتی هاوسەنگییەک لە نێوان خستنەڕووی کارەساتە ناوخۆییەکان و شیکردنەوەی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان دروست بکات، گوتاری سیاسیی ڕۆژنامەکە تەنیا لە چوارچێوەی گواستنەوەی ڕووداوەکاندا نەمایەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی ستراتیژی پێداگری لەسەر مەرجی یەکڕیزیی هێزەکان، پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و دامەزراندنی سوپایەکی نیشتمانی دەکردەوە بۆ پاراستنی مانەوەی نەتەوەیەک لە بەردەم پرۆسەی سڕینەوەدا.

تەوەرەی سێیەم:ڕەنگدانەوەی بارودۆخی باشووری کوردستان لەڕۆژنامەی ئەرکی نوێدا

١- سیاسەتی حکومەتی بەعس بەرانبەر کوردستان

لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ گوزارشت لە قۆناغێکی دژواری مێژووی باشووری کوردستان دەکەن، ئەو سەردەمەی کە تێیدا ڕژێمی بەعس پلانێکی هەمەلایەنەی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد پەیڕەو دەکرد، ئەم سیاسەتە پڕۆسەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو بوو کە تەنیا لە یەک ڕەهەندا کورت نەدەبووەوە. لەم تەوەرەیەدا، تیشک دەخەینە سەر ئەو بابەت و تەوەرە سەرەکییانەی کە ڕۆژنامەکە وەک بەڵگەی زیندووی ئەو سەردەمە تۆماری کردوون لەوانەش:

سیاسەتی ڕاگواستن و تێکدانی گوندەکان

وەک بەشێک لە هەوڵە بەرفراوانەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی کوردستان و لەناوبردنی بنکەی جەماوەریی شۆڕش، ڕژێمی بەعس پەنای بردە بەر سیاسەتی خاپوورکردنی گوندەکان وڕاگواستنیان بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان،کەئەم پڕۆسەیەش تەنیا ڕوخاندنی خانوو نەبووە، بەڵکو پلانێکی بەڕێوەچوو بووە بۆ چۆڵکردنی ناوچەکان و بڕینی سەرچاوەی بژێوی خەڵکەکە (شێخ محمود،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل٧؛ئەرکی نوێ،ژ٤،تەموزی١٩٨٨،ل١٤). بۆجێبەجێکردنی ئەم پلانە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧، هێزەکانی پاراستنی نەوت بە سەرکردایەتی بارق عبدالله حاجی حنطة(١٩٥٠-١٩٩١) هەڵیان کوتایە سەر گوندی چیمەن لە پارێزگای کەرکوک، دەستیان کرد بە خاپوورکردنی خانووەکانی گوندەکە، لە ئەنجامی ڕووخاندنی خانووەکان بەسەر گوندنشینانی گوندەکەدا (٢٠٠)کەس کوژران، کە زۆربەیان پێکهاتبوون لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە، بیانووی ڕژێمی بەعس بۆئەمە ئەوە بوو کە پێشتر ئەو گوندە چۆڵکرابوو و خەڵکەکەی ڕاگوێزرابوون، بەڵام دواترگوندنشینان بە دزی ڕژێمەوە گەڕابوونەوە،گوندەکەیان دووبارە ئاوەدان کردبۆوە(ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٠؛ژ٤،تەموزی١٩٨٨،ل١٠).

هەڵمەتی وێرانکارییەکان بە شێوەیەکی خێرا بەردەوام بوو، لە ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٧، لە ناوچەی شارباژێر سەر بە پارێزگای سلێمانی، ڕژێمی بەعس دەستیکرد بەچۆڵکردنی هەریەک لە مەڵبەندی قەزای چوارتا کە پێکهاتبوو لە (١٠٠٠)ماڵ، ناوەندی ناحیەی کارێزە (٢٠٠٠)ماڵ، ناوەندی ناحیەی بەرزەنجە (١٠٠٠)ماڵ دوای ڕاگواستنی خەڵکەکەی ،خانووەکانیش لەگەڵ زەوی تەخت کران،هەرلەناوچەی شارباژێر هەریەک لە ئۆردووگای سورەقەڵات کەپێکهاتبووله (١٠٠٠)ماڵ، ئۆردووگای قەڵاچوالان(٣٠٠٠)ماڵ،ئۆردووگای کەناریۆ (٢٠٠٠)ماڵ ڕاگوێزران (ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١). هەر لە درێژەی پڕۆسەی ڕاگواستن و وێرانکارییەکاندا،ڕژێمی بەعس لە ٢٥ی شوباتی ١٩٨٨، لە سەربازگەی کارێزە و سوسێوە دەستیکرد بە تۆپ بارانکردنی گوندەکانی(یاخسەمەر، سەرگەڵوو ، هەڵەدن وگوێزەله) لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی بە چەکی کیمیاوی، بۆ ئەم مەبەستەش، گازی دەمار لە جۆری (تایون) بەکارهێنرا،کە بووە هۆی ژەهراویبوونی ٢٠٠ کەس،لەئەنجامی ئەم ژەهراوی بوونەدا (١٢)[1]کەس گیانی لەدەستدا کە پێنجیان لە یەک خێزان بوون(ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل١،٨).

ئەم پەلاماره کیمیاوییانە ناوچەکانی تریشی گرتەوە،لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨، ڕژێم هێرشی کردە ناوچەی شێخ بزێنی لە پارێزگای کەرکوک بەخەستی بۆردومانی کیمیاوی کرد،بووە

هۆی کوژرانی (۹) [1] کەس ، چەند ڕۆژێک دواتر لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ ،لە ڕێگەی سێ فڕۆکەی جۆری (سوخۆی)یەوە، جارێکی دیکە چەکی کیمیاوی بەکارهێنا بۆ بۆردومانکردنی ناوچەی چەمی ڕێزان و دەوروبەری لە سنووری کەرکووک، لە ئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی٤٨ کەس کەبەشێکی زۆریان ژن و منداڵ و پیر بوون(ئەرکی نوێ،ژ٦،ئۆکتۆبەری١٩٨٨،ل٤). لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم هێرشانەدا بۆ سەرگوندەکانی باشووری کوردستان، دەسەڵاتداران جۆرەها چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوییان بەکاردەهێنا، وەک گازی ژەهراوی خەردەل، فۆسجین، منوسیجین، تایون و چەندانی دیکە(شێخ محمود،ژ٢،کانوونی یەکەمی١٩٨٧،ل٧). هاوشان لەگەڵ وێرانکردنی ژێرخانی گوندەکان ،ڕژێمی بەعس ڕێگەیان نەدەدا جوتیاران لەدەشتە بەپیتەکانی ناوچەکانی(قەراج ، کەندێناوە، دزەییایەتی، شارەزوور و گەرمیان)زەوییەکشتوکاڵییەکانیان تۆبکەن . لە ئەنجامی ئەم ئابڵوقەیەدا، هیچ شوێنەوارێکی ژیان لەگوندەکاندا نەمابوو، جگە لە داری میوەی وشکبوەوە و گۆڕستانە خاپوورکراوەکان نەبێت (ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل١٨). ئامانجی سەرەکیی پشت ئەم سیاسەتە ئەوە بوو کە باری ئابووریی کوردەکان بە تەواوی دابڕمێت، تا ناچار ببن ناوچەکانیان چۆڵ بکەن ، بۆ پەیداکردنی کار و بژێوی ڕوو بکەنە شارەکانی باشووری عێراق(ئەرکی نوێ،ژ٤،تەموزی١٩٨٨، ل١٤).

سیاسەتی بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن

یەکێک لە هەوڵە مەترسیدارەکان بۆ بنبڕکردنی کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد، پرۆسەی بەعەرەبکردن بوو. بەعەرەبکردن وەک پلانێکی داڕێژراو و گشتگیر دەردەکەوێت کە ئامانجی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکانی کوردستان بوو،ئەم پرۆسەیە تەنیا لە چوارچێوەی گۆڕینی دانیشتووواندا نەماوەتەوە، بەڵکو گشت کایەکانی ژیانی گرتووەتەوە، بەکارهێنانی زمانی عەرەبی وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ ئەم مەبەستە، بە جۆرێک کە سەپێنراوە بەسەر سیستەمی خوێندن، ناوەندە ڕەسمییەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەنانەت زانکۆکانیشدا، ئەم هەنگاوە ئامانجی بێبەشکردنی گەلی کورد بووە لە بەکارهێنانی زمانی دایک و لاوازکردنی پەیوەندییە کولتووری و نەتەوەییەکانی، هەروەها پرۆسەی ڕاگواستنی زۆرەملێی دەیان هەزار هاوڵاتی بۆ ناوچەکانی خوارووو، بیابانەکان، سنووورەکانی ئەردەن و عەرەبستانی سعودیە، بەشێکی دیار و ترسناکی ئەم ستراتیژە بووە،ئەم ڕاگواستنە کە هاوکات بووە لەگەڵ سەپاندنی ئیدارەیەکی عەرەبی بەسەر شار و شارۆچکەکاندا، ئامانجی دابڕانی خەڵک بووە لە زێدی خۆیان و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتییان،دروستکردنی نشینگە بۆ نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبییەکان لە شوێنی دانیشتووانە ڕەسەنەکە(ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٦؛ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل٢٠-٢١).

هەنگاوێکی دیکەی ئەم پرۆسەیە بۆ گۆڕینی یەکجارەکیی دیمۆگرافیای ناوچەکە و جێبەجێکردنی نەخشەی بەعەرەبکردن بە شێوەیەکی کردەیی بووە. ڕۆژنامەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم پرۆسەیە نەک تەنیا هەڕەشە بووە بۆ سەر گەلی کورد، بەڵکو مەترسییەکی گەورە بووە بۆ سەر تەواوی گەلانی ناوچەکە، بەو پێیەی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیایەکی ڕەگەزپەرستانە و داگیرکاری داڕێژراوە، کە ئامانجی تواندنەوەی نەتەوەکانی تر و زاڵکردنی یەک نەتەوە بووە (ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٦؛ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل٢٠-٢١). لەلایەکی دیکەوە، پرۆسەی

بەبەعسیکردن وەک تەواوکەر و ئامرازێکی سەرەکی بۆ خزمەتکردنی پرۆسەی بەعەرەبکردن خراوەتە ڕوو. ئەرکی نوێ ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم پرۆسەیە ئامانجی ناچارکردنی خەڵک بووە بۆ قبوڵکردنی ئایدۆلۆژیای حیزبی بەعس، جا بە زۆرەملێ بێت یان لە ڕێگەی گوشار و دروستکردنی کەشێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن. ئەمەش لە ڕێگای دەزگا هەواڵگری، سەربازی و پۆلیسییەکانەوە جێبەجێکراوە. پرۆسەی بەبەعسیکردن هەوڵێکی ڕیکخراو بووە بۆ لەناوبردنی گیانی بەرەنگاری و تێکشکاندنی وەری جەماوەر. ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ ئاماژە بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەک پارە، پۆست و جیاوگەکان دەکات بۆ کڕینی ویژدان و هاندانی خەڵک بۆ خۆبەدەستەوەدان و دەستبەرداربوون لە مافە نەتەوەییەکانیان. هاوکات سەپاندنی سزای لەسێدارەدان و هەڕەشەی بەردەوام بەشێک بوون لەو کەشە تۆقێنەرەی کە بۆ ئەم مەبەستە دروست کراوە. ڕۆژنامەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەبەعسیکردن و بەعەرەبکردن دوو پرۆسەی تێکەڵ و تەواوکەری یەکترن، هەر کەسێک کە بەعەرەب بکرێت، ئەوا لە هەمان کاتدا ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی بەبەعسیش بکرێت، بە پێچەوانەشەوە(ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٦).

کەواتە دەکرێ بڵێین ئەم دوو پرۆسەیە بەیەکەوە نەخشەیەکی گشتگیریان پێکدەهێنا بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و فەرهەنگیی گەلی کورد، جێگرەوەی بە بیروباوەڕێکی ڕەگەزپەرستانە کە خزمەت بە ئامانجە فراوانخوازییەکانی ڕژێمی بەعس دەکرد، ئەرکی نوێ ئەم پرۆسەیە وەک کارەساتێکی گەورە و هەڕەشەیەکی مەترسیدار وێنا دەکرد، کە نەک تەنیا بۆ سەر بوونی نەتەوەیی کورد، بەڵکو بۆ سەر بنەماکانی ئازادی و مافی مرۆڤ لە ناوچەکەدا مەترسی دروست کردبوو.

سیاسەتی زیندانیکردن و لەسێدارەدان

لە چوارچێوەی سیاسەتە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی بەعس دژ بە گەلی کورد، هەڵمەتێکی فراوانی ڕەشبگیری و زیندانیکردن دەست پێکردبوو، کە بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی یان دادگاییکردن، گەنجان، خوێندکاران و هاوواڵتییانی سڤیلی دەکردە ئامانج، ئەم سیاسەتە تەنیا بۆ سزادانی نەیارانی سیاسی و ئەو کەسانە نەبوو کە بەشداربیان لە جەنگی عێراق- ئێراندا نەدەکرد، بەڵکو گەیشتە ئاستی بە بارمتە گرتنی ژنان و منداڵانیش(مجید،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل٥؛ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١١). وەک بەشێک لەجێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە تۆقێنەرە لەکانوونی دووەمی ١٩٨٧ ٣٠٠منداڵ و هەرزەکار لە شاری سلێمانی دەستگیرکران و خرانە زیندانەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانە کەسوکاریان پێشمەرگە بوون، ڕژێمی بەعس دەیویست لەو ڕێگایەوە خێزانەکانیان ناچار بکات واز لە چالاکیی سیاسی بهێنن. ئەم گیراوانە لە زیندانەکاندا ڕووبەڕووی جۆرەها شێوازی ئەشکەنجەدان بوونەوە، لەوانە دارکاری، فەلاقەکردن، لێدان بە سۆندە، بەکارهێنانی کارەبا و تەنانەت دەستدرێژیکردنە سەر کەرامەت و ناموسیان(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١،٥).

پەلامارەکانی دەسەڵاتی بەعس توێژی خوێندکارانیشی گرتەوە، بە جۆرێک لە ٢٧ی ئازاری١٩٨٧ - ٣ی نیسانی ١٩٨٧ لە شاری هەولێر، ١٥ خوێندکاری قۆناغی

ئامادەیی و زانکۆی سەلاحەدین لەسێدارەدران(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل٥). لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، ئاستی درندەیی ئەم سیاسەتە زیاتر دەبوو بەتایبەت لە ڕێگەی لەسێدارەدانی ئاشکراوە،لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧، لە گەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی (٥) گەنجی کورد [] گوللەباران کران ، هێزەکانی ڕژێم بە زۆر خەڵکیان کۆکردەوە بۆ ئەوەی تەماشای ئەم دیمەنە بکەن،هەرلەدرێژەی ئەم شەپۆلی لەسێدارەدانەدا لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا، ڕژێمی بەعس(٣٠٠)کەسی لەبەندیخانەی ئەبوغرێب لەسێدارەدا،کە زۆربەیان زیندانیی سیاسی شارەکانی باشووری کوردستان بوون،٣٠ کەس خەڵکی دهۆک و٤٦ کەسیش خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری بوون،ئەوانی دیکەش خەڵکی هەولێر و کەرکوک و شارەکانی دیکەبوون. لەم پرۆسەیەدا دەسەلاتداران بۆ ڕادەستکردنەوەی تەرمی هەر قوربانییەک، بڕی ٣٠٠ دینارییان وەک سزایەک لە کەسوکاریان وەردەگرت، لە کاتێکدا شوێنەواری ئەشکەنجەیەکی قورس بەسەرجەستەی قوربانییەکانەوە دیاربوو،لەنێویاندا هەشت لەکوژراوەکان منداڵی تەمەن(١٤-١٧)ساڵ بوون(ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٠؛ژ٣،،ئازاری١٩٨٨،ل١١،١٢؛ژ٤،تەموزی١٩٨٨،ل١،١٠).

سەرکوتکارییەکانی ڕژێمی بەعس شارۆچکەی شەقلاوەشی گرتەوە،لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ١٩٨٧،(٣٠-٣٢) کەس [] دوای مانگێک مانەوە لەزیندان،دواجار بێ ڕێکارەکانیی دادگاییکردن گوللەباران کران،ڕژێمی بەعس هەربەوەندە نەوەستا،بەڵکو دەستیکرد بەتەختکردنی خانووبەرەشیان،هاوکات بەکەس وکاری ڕاگەیاند بەهیچ جۆرێک نابێت پرسەیان بۆ دابنێن،هەروەها لەبەرانبەر دانەوەی تەرمی هەریەکێکیان بڕێک پارە لەکەسوکاریان وەرگیرا،بەدەرلەمانە ڕژێمی بەعس کەس وکاری ئەوانەی ئاگادارکردەوە کە بەزووبی شارۆچکەکە جێبهێڵن، لەلایەکی دیکەشەوە لە ١٠ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا، ٣٠ کەس کە گومانی لایەنگریی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لێدەکرا، لە سەربازگەی فایدەی نزیک موسڵ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لەسێدارە دران، کە لە نێویاندا پێنج منداڵ و پیاوێکی تەمەن ٧٣ ساڵ هەبوون(ئەرکی نوێ،ژ٤،تەموزی١٩٨٨،ل١٠). ئەم تاوانانە لەساڵی دواتردا گەیشتە ئەوپەڕی ، دوابەدوای هێرشە کیمیاییەکەی ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بۆ سەر شاری هەڵەبجە ، (٨٥) هاوواڵاتیی مەدەنی لە نیشتەجێبوانی هەردوو گەڕەکی (کانی ئاشقان) و (شێخ سمایل) پاش بریندارببوونیان، لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا زیندەبەچاڵ کران(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١١).

لە پاڵ زیندانیکردن، لەسێدارەدان و گوللەبارانکردنی ئاشکرادا، ڕژێمی بەعس شێوازی دیکەی شاراوەی لە دژی هاوواڵاتیان بەکاردەهێنا. وەک ئەوەی ئەرکی نوێ ئاشکرای کردووە، دەسەلاتدارانی بەعس ژەهری تالیۆمیان بۆ لەناوبردنی نهێنیی نەیاران وئەوکەسانەی گومانی لایەنگریی پارتە کوردییەکانیان لێدەکرا بەکارهێناوە، لە ئەنجامی پێدانی ئەم ژەهرە لە ڕێگەی خواردنەوە بە کەسایەتییە سیاسییەکان ،پتر لە ٤٠ کەس ژەهراوی بوون کە ٣ کەس گیانی لەدەستدا و ٧ کەسی دیکەش تووشی ڕشانەوەو گرژیی دەماروهەڵوەرینی قژ بوون(ئەرکی نوێ،ژ٢،کانوونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٢؛ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل٧؛ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل٨). سەرباری هەموو ئەم جۆرە جیاوازانەی سەرکوتکردن، ئازاردانی دەروونی خەڵکیش بەشێکی جیانەکراوەی

ئەم سیاسەتە بوو، مامەڵەی هێزە ئەمنییەکان لە خاڵەکانی پشکنیندا بەردەوام بریتی بوو لە سووکایەتی، بێڕێزی و گاڵتەپێکردن بە هاووڵاتییانی کورد لە کاتی داواکردنی ناسنامە و شوناسییان (ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل١٨). بەم جۆرە، سەرجەم ئەم ڕووداو و تاوانانە پێکەوە، وێنەی تەواوەتیی سیاسەتێکی دڕندانەی لەناوبردن دەخەنە ڕوو.

سیاسەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی

لە نێولاپەڕەکانی ئەرکی نوێدا ئاماژە بەوە کراوە کە بەر لە بەکارهێنانی گازی کیمیاوی، حکومەتی عێراق بەردەوام هەوڵیدەدا بە بەکارهێنانی ڕێکارەکانی دەسەڵاتی تاکڕەو وەک دامەزراندنی دەزگا و پێکهاتە دوور لە ویستی کۆمەڵگە، دروستکردنی کەشێکی پڕ لە ترس و گوشار،کە دەنگی ناڕەزایی خەڵک خاموّش بکات و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لاواز بکات، بەڵام دوای ئەوەی ئەم سیاسەت و پلانانە لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان سەرکەوتوو نەبوون، ڕژێمی بەعس هەنگاوی تووندتری نا بڕیاری جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی فراوانی ڕیشەکێشکردنی دانیشتووان و گۆڕینی بارودۆخی مرۆیی و جوگرافیی کوردستانی دا، لە کاتێدا ئەم پلانە سیاسی و سەربازییانە لە سەر گۆڕەپانی سیاسییدا تووشی شکست بوون، بڕیاری کۆتایی لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەعسەوە درا بۆ جێبەجێکردنی پلانی ڕیشەکێشکردنی مرۆیی و جوگرافیی کوردستان بە هەر جۆرێک بێت، بەپێی بەدواداچوونی ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ، ئەم گۆڕانکارییە لە ڕێبازی ڕژێمدا، گواستنەوە بوو بەرەو قۆناغێکی نوێ و مەترسیداری سیاسەتی لەناوبردنی بەکۆمەڵ، کە تێیدا پەنابردنە بەر چەکی کۆکوژ دژ بە مرۆڤایەتی، بووە لوتکەی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس و تەواوی سنووری ئەخلاقی و مرۆییەکانی بەزاند(ئەرکی نوێ،ژ٤،تەموزی١٩٨٨،ل١٠،١).

ئەم هێرشانە، ڕووداوێکی لەناکاو یان دابڕاو نەبوون لەسیاسەتی گشتیی دەوڵەتی عێراقدا، بەڵکو درێژکراوەی زنجیرەیەک هێرشی بەرنامەبۆدارێژراو بوون کە سەرەتا وەک تاقیکردنەوەی سەرەتایی لە چەندین ناوچەی جیاوازی کوردستاندا ئەنجام دران،لە نێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ئەرکی نوێدا ئاماژە بەوە دراوە کە ڕژێمی بەعس بۆ یەکەمجارلە ١٥ی نیسانی ١٩٨٧ لە ناوچەکانی بالیسان، شێخ وەسانانی خۆشناوەتی، دۆڵی جافایەتی وباديناندا، گازی کیمیاوی قەدەغەکراوی بەکارهێنا، بە ئامانجی قڕکردنی بەکۆمەڵی خەڵک و تێکشکاندنی ئیرادەی هێزی پێشمەرگە(ئەرکی نوێ،ژ٤،تەموزی١٩٨٨،ل١٠،١). پاشان ئەم سیاسەتی کۆمەڵکوژییە لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨دا لە شارۆچکەی هەڵەبجەدا گەیشتە لوتکەی سەرکوتکاری و قەبارەیەکی ترسناکی وەرگرت، کە بووە هۆی کوژرانی پێنج هەزار هاووڵاتیی، کە پێکهاتبوون لە ژن ومنداڵ وبەسالاچوو(ئەرکی نوێ،ژ٤،تەموزی١٩٨٨،ل١).

لە دەرئەنجامی خستنەڕووی ئەم پێشهاتانە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم پرۆسەی کۆمەڵکوژییە، پێشێلکارییەکی ڕوون و گشتگیری یاسا نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ بووە لەلایەن دەسەڵاتێکی خۆسەپێنەوە، کە هیچ پێوەرێکی مرۆیی لە جەنگدا نەهێشتبووەوە. لە ڕوانگەی شرۆڤەی گشتییەوە، ئەم شاڵاوە کاولکارییە هەمەلایەنەیە کە خاپوورکردنی هەزاران گوند و دەربەدەرکردنی سەدان هەزار هاووڵاتیی لێکەوتەوە، تەنیا پرۆسەیەکی سەربازیی کاتی نەبووە، بەڵکو پلانێکی بەرنامەڕێژکراو بووە بۆ پاکتاوکردن و سڕینەوەی یەکجارەکیی ناسنامە و

مێژووی نەتەوەیەک لەسەر جوگرافیای خۆی، تاوەکو ڕۆژێمی بەعس مانەوەی خۆی پێ زامن بکات. لەگەڵ ئەوەشدا سەرباری ئەم وێرانکارییە، ئەم قوربانیدانە بێوێنەیە لە بڕی هێنانەدیی مەرامەکانی ڕۆژێم، بووە سیمبولی بەرخۆدان و پاراستنی ناسنامە، هەروەها وەرەی بەهێزی گەلی کوردی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کوشتارە بێهاوتایەدا سەلماند.

٢- چالاکی حیزب و هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان

لە بەرانبەر ئەو سیاسەتانەی ڕژێمی بەعس، لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ ئەوە دەخەنە ڕوو کە ئیرادەی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد نەک هەر ملکەچ نەبوو، بەڵکو هێزە سیاسی و شۆڕشگێڕەکان قۆناغێکی نوێی خەباتی هاوبەشیان دەستپێکرد. ئەم بەرگرییە چەکداری و سیاسییە لەسەر دوو ئاستی سەرەکی پەرەی سەند، لە لایەکەوە لە ڕێگەی چالاکیی پێشمەرگانەی هێزەکانی ناوەوە بوو کە بە هێرشکردنە سەر سەربازگەکان و ڕزگارکردنی ناوچەکان گورزی کوشندەیان لە سوپای عێراق دەوەشاند. لە لایەکی دیکەوە، خەباتێکی ڕامیاری و بەڵگەنامەیی چڕ لە ڕێگەی دەرکردنی بەیاننامە هاوبەشەکان، بانگەوازە مێژووییەکان، نامە فەرمییەکان بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەستنی کۆنگرەکان لە دەرەوەی وڵات بەڕێوەدەچوو بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی دۆزی کورد و سەرکۆنەکردنی تاوانەکانی بەعس.

چالاکی پێشمەرگانە

دوابەدوا ئەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەماوەی نێوان(١٩٨٧-١٩٨٨) بەرەو وەرچەرخانێکی مێژووییِ هەنگاوی نا لە خەباتی چەکداریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دژ بە دام ودەزگاکانی ڕژێمی بەعس لەم قۆناغەدا، هێزی پێشمەرگە لە قۆناغی پارتیزانی و لێدانی کتوپڕەوە هەنگاوی نا بۆ قۆناغی هێرش بردن ، گرتنی شارۆچکە، بنکەی سەربازیی گەورەو هێڵەکانی بەرگریی ڕژێم(ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل١،١٣؛ژ٥،ئابی١٩٨٨،ل١٢). ئەم پێشڕەوییانەی پێشمەرگە هاوکات بوو لەگەڵ گەشەکردنی چالاکییەکان، لەم چوارچێوەیەدا لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٨٧دا، هێزە هاوبەشەکان هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر پێگەکانی سوپای عێراق لە ناوچەکانی شێخان و ئاکرێ، کە بەهۆیەوە ٨ بنکەی سەربازی کۆنترۆڵ کران، لەم نەبەردییەدا، هێلیکۆپتەرێکی جەنگیی سوپا خرایە خوارەوە و فڕۆکەوانەکەی بەدیل گیرا، لە گەڵ کوژرانی ٢٥ سەربازی عێراق ، هاوکات، پێشمەرگە هێرشی کردە سەر مۆڵگەکانی سوپا لە ناوچەکانی شەقڵاوە و هەریر، کە دەرەنجامەکەی کوژرانی ٤٠ سەرباز و بریندارببوونی ٥٠ سەربازی دیکە، هەروەها دەست بەسەرداگرتنی بڕێکی زۆر لە چەک و تەقەمەنی لێکەوتەوە(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١١).

لەلایەکی دیکەوە، لە کۆتایی هەمان مانگدا، هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چەندین تاکتیکی سەربازی و بۆسەیان لە ناوچە جیاجیاکاندا جێبەجێکرد،لەوانە ئەنجامدانی بۆسەیەک لەسەر ڕێگای خورماڵ کە تێیدا ئۆتۆمبێلێکی زیلی سەربازیی سوتێنرا و سەرنشینەکانی کوژران، هەروەها لە کەمینێکی دیکەدا لە سەر پردی زەڵم لە سەر ڕێگای گشتیی سلێمانی - هەڵەبجە، ٢ چەکداری سەر بەفەوجە سوکەکان(جاش) کوژران و ٦ چەکداریش بەدیل گیران. لە پاڵ چڕبوونەوەی هێرشەکان بۆ سەر دامەزراوە ئەمنییەکانی ناوشار، بە تایبەتی هێرشکردنە

سەر فەرمانگەی هەواڵگریی سەربازی لە کەرکوک و گەیاندنی زیانی ماددی پێی. ئەم گوشارە سەربازییانە بوونە هۆی ئەوەی کە لە کۆتایی مانگدا ١٥ سەربازی سوپای عێراق خۆیان بەدەستەوە بدەن. پاشان لە دوا هەفتەی مانگەکەدا، پێکدادانی توند لە ناوچەی دەربەندیخان ڕوویدا کە زیانی گیانی و ماددی بەرچاوی بە هێزەکانی حکومەت گەیاند(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١١).

لە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٨٧دا چڕبوونەوەی هێرش وپلانە سەربازییەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەدیدەکرێت لە چەندین قۆڵ و تەوەرەی جیاوازدا. لەم چوارچێوەیەدا، لە شەوی ١/ ٢ی ئەیلوولدا، هێزەکانی پێشمەرگە هێرشێکیان کردە سەر پێگەیەکی سەربازیی سوپای عێراق لەسەر ڕێگای گشتیی کەرکوک - بەغداد کۆنترۆڵیان کرد، ئەم پێکدادانە بووە هۆی کوژرانی٣ چەکداری سەر بە فەوجە سووکەکان و بەدیل گرتنی٣چەکداری دیکە، لە پاڵ دەست بەسەرداگرتنی ٤ چەکی کلاشینکۆف،هاوکات لە هەمان شەودا، یەکەیەکی دیکەی هێزی پێشمەرگە کەمێنێکیان لەسەر ڕێگای سەنگاو - چەمچەماڵ بۆ هێزەکانی حکومەت دانا، کە دەرەنجامەکەی کوژرانی ١١ چەکداری لێکەوتەوە،لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی ٥ کلاشینکۆف و ئۆتۆمبێلێک لەجۆری ئێڤا. پێشهاتە سەربازییەکان لە ڕۆژانی دواتریشدا بەردەوام بوون بە شێوەیەک لە ٣-٤ی ئەیلوولدا لە شەقامی سەرقەڵا-کفری، لەبۆسەیەکی دیکەی هێزەکانی پێشمەرگەدا ٢٠ چەکداری سەر بە حکومەت کوژران و دەست بەسەر ئۆتۆمبێلێکی جۆری لاندکروزەری جێگیرکراو بە تۆپی ١٠٦ ملمدا گیرا(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١٠).

بازنەی پێکدادانەکان ناوچەکانی شارباژێڕ و گەرمیان و کەرکوکی گرتەوە،لە ٤ی ئەیلوولدا لە ناوچەی شارباژێڕ ١٣ چەکداری فەوجە سووکەکان بەدیل گیران. دواتر لە ٦ی ئەیلوولدا لەسەر ڕێگای کەلار - باوەنوور، لە ئەنجامی هێرشێکی پێشمەرگەدا ١٤ سەرباز کوژران، ٨ ی دیکە بریندار بوون هاوکات ٢ ئۆتۆمبێلی سەربازیش سوتێنران. لە هەمان ڕێکەوتدا هێزێکی تایبەتی سەر بە مەڵبەندی یەک لەسەر ڕێگای سەرقەڵا - کەرکوک بۆسەیەکی بەرفراوانیان جێبەجێ کرد کە زیانی گەورەی گیانی و لۆجیستی بە هێزەکانی سوپا گەیاند لەوانە کوژرانی ٢٢ سەرباز و چەکدار، تێکشکاندن و سوتاندنی چەندین ئۆتۆمبێل و ئامێری سەربازی، دەست بەسەرداگرتنی ئامێرێکی بێسیمی جۆری (ڕاکاڵ). بەهەمان شێوە لەسەر ڕێگای دووزخورماتوو، هێزەکانی پێشمەرگە توانیان ١٤ سەرباز لەگەڵ چەند چەکدارێکی سەر بە حکومەت بەدیل بگرن(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١٠). زنجیرە ڕووداوەکان لە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٨٧ بە چەند هێرشێکی بەرفراوان دەستپێکرد، بە شێوەیەک لە شەوی ٣ / ٤ی ئەیلوولدا،هێزەکانی مەڵبەندی سێی هەولێر، هێرشیان کردە سەر ناحیەی دێگەڵە (شۆڕش) و تەواوی مۆڵگەکانی دەوروبەری، کە بووە هۆی کوژرانی پتر لە ١٥٠ سەرباز و چەکداری سەر بە حکومەت، لە نێویاندا ڕاوێژکاریکی فەوجە سووکەکان و دوو ملازم لەگەڵ بە دیل گرتنی ٤٠ سەرباز و جاش، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە هێزەکانی پێشمەرگە بە قوربانیدانی ٦ پێشمەرگە توانیان دەست بەسەر زرێپۆشێک و ٢٠ ئۆتۆمبێل، ٣ ئامێری لاسلکی و ٢٢٠ پارچە چەکدا بگرن، لەگەڵ سووتاندنی ٧ ئۆتۆمبێلی سەربازی(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١٠).

ئەم سەرکەوتنەی پێشمەرگەگانی مەڵبەندی سێ ڕێگەی خۆشکرد بۆ لێدانی بنکەکانی دیکەی سوپا، لەوانەش هێرش کردنە سەر ناحیەی هیران، کە لە٦ی ئەیلوولدا هێزەکانی پێشمەرگە توانیان ناوەندی ناحیەکە و نەخۆشخانە سەرەکییەکەی کۆنترۆڵ بکەن، لەم هێرشەدا تانکێک و ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی سوپا تێکشکێنران، هەروەها دەست بەسەر ئامێرێکی بێ تەل لە جۆری تۆمسۆنی فەرەنسیدا گیرا، لە بەرانبەردا چەند پێشمەرگە و فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە لە کاتی پاراستنی ناوچەکەدا گیانیان لەدەستدا(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١٠). ئەم پێشڕەویە پێشمەرگانەیە لە چەند ڕۆژی دواییدا پەرەی سەند و ناوچەکانی دیکەی گرتەوە، بە جۆرێک لە گەرمەی شەڕەکانی هیراندا، بەشێک لە هێزەکانی مەڵبەندی سێی هەولێر لە شەوی ٨/٧ ی ئەیلوول دا پەلاماری دۆڵی خانەقای نزیک ڕەواندوزیان دا. لەم هێرشەدا بارەگای فەوجێک و ١٠ مۆڵگە کۆنترۆڵکران ،تێیدا ٧٥ سەرباز کوژران و ٦ سەربازیش بەدیل گیران، کە ئەمەش بووە هۆی دەست بەسەرداگرتنی ٥١ پارچە چەک و ٢ ئامێری لاسلکی نوێ لە بەرانبەر گیان لەدەستدانی ٦ پێشمەرگەدا. هاوکات لە چالاکییەکی دیکەدا لە ٧ی ئەیلوول دا، هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێرشیان کردە سەر بارەگا سەربازییەکانی حکومەت لە دووری ٢٠ کیلۆمەتری شارەکە، لەم پێکدادانەدا ٢٠٠ سەرباز و ٣ ئەفسەر کوژران، ٥٠ سەربازیش بە دیل گیران، کە لە ئەنجامدا تانکێک و پتر لە ٢٥٠ پارچە چەک و ٣٠ چەکی قورس وەک دەستکەوت کەوتنە دەست پێشمەرگە(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١١).

ئەم پاشەکشە گەورەیەی هێزەکانی حکومەت وایکرد کە لە ٦ - ١٢ی ئەیلوول دا، سوپای عێراق هێرشێکی پێچەوانەی چڕ و بەربڵاو بۆ سەر ناوچەکانی هیران، خۆشناوەتی و دۆڵی ئاکۆیان دەستپێبکاتەوە. ئەم پەلامارانە بە پاڵپشتییەکی گەورەی هێزی زەمینی و ئاسمانی ئەنجام دران، لە ڕووی زەمینییەوە ٦٠ تانک، ٦٠ ناقیلەی زرێپۆش، تۆپی قورس و کاتیۆشا بەکارهێنران، هاوکات لە ڕووی ئاسمانییەوە بەشداریی چڕی فڕۆکەی جەنگی لە جۆرەکانی پیلاتۆس، هێلیکۆپتەر و فڕۆکەی بۆمب هاوێژ دەبینرا. لوتکەی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لە ٦ -١١ی ئەیلوول دا بوو، کاتێک هێزەکانی سوپای عێراق تێکشکێنران و پاشەکشەیان پێکرا. لەم نەبەردییەدا زیانەکانی سوپا قورس بوون، بە جۆرێک پتر لە ٣٠٠ تەرمی سەرباز و جاش لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا بەجێمان،کە فەرماندەیەکی فەوجە سووکەکانیش لەنێویاندا بوو. هەر لەم چالاکییەدا هێزەکانی پێشمەرگە توانیان ٥ تانک و ٣ ئۆتۆمبێل تێکبشکێنن، هەروەها ٣٠٠ پارچە چەک و ١٠ ئۆتۆمبێلیش بوونە دەستکەوتی هێزەکانی پێشمەرگە، لە کاتێکدا لەم قۆناغەی بەرگرییەدا تەنیا ٤ پێشمەرگە گیانیان بەخشی.کە یەکێکیان فەرماندەی تیپی ١٩ ی کۆڕەک بوو. لە کۆتایی ئەم زنجیرە چالاکییانەدا، لە ١٢ی ئەیلوول دا، سوپای عێراق دوا هێرشی خۆی بە هێزێکی گەورە کە پێکهاتبوو لە ٢٠ فەوجی جاش و ٤ لیوای سەربازیی پێشڕەوی پێکرد، بەڵام بەهۆی بەرگریی سەختی پێشمەرگەوە هێرشەکان پووچەڵکرانەوە. لە ئەنجامدا، کۆی کوژراو و بریندارەکانی حکومەت لەو ماوەیەدا گەیشتە ٧٠٠ کەس(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١٠-١١).

هێرشە ستراتیژییەکانی پێشمەرگە سنووری شارۆچکەکانیشی. تێپەڕاند لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧، هێزێکی پێشمەرگە هێرشی کردە سەر سەربازگەیەکی سوپای عێراق لە چیای

قەرەچـووخ ، لەم چـالاکییەدا توانیـان مەرکەزی ڕادارتێکبشـکێنن ، ٥٢ سـەربازیش بکـوژن، هەروەها کەرەستە و تفاقێکی زۆریان بەدەستکەوت(ئەرکی نـوێ،ژ٦،ئۆکتـۆبەری١٩٨٨،ل٤). هەر لەم چوارچێوەیەدا لە ناوچەی قەرەچووخ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاگادارکردنەوە و هەڕەشەکردنیان وەک کارتێکی فشار لەبەرانبەر ئەو شارەزا ئەوروپیانە بەکاردەهێنا، کە لە بواری چەک و تەقەمەنیـدا خزمەتیـان بەڕژێـمی بەعـس دەکـرد، دوابەدوای ئەوەی کۆمەڵێـک لە شارەزایانی فەرەنسی.کە پسپۆری بواری چەکی ئەتۆم بوون، لە دامەزراندنی مەڵبەندی ئەتۆمی عێراق لە قەرەچووخ کاریان دەکرد، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕایگەیاند ئەگەر ئەو کەسانە بکەونە دەستمان وەک بارمتەی ئاسایی ڕەفتاریان لەگەڵ ناکەین، بەڵکـو وەک تاوانباری جەنگ ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەین(ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٠).

لە میـانەی چالاکییەکـانی هـێزی پێشـمەرگەدا، لە شـەوی ٢١ / ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧، پێشـمەرگەکانی سـەر بە مەڵبەنـدی دووهێرشـیان کـردە سـەر بارەگـای فەوجی ٧٢ ، مۆڵگەکانی دەوروبەری لە نـاوچەی تەوەکەل. هێزەکانی پێشـمەرگە توانیـان کـۆنترۆڵی بارەگای فەوجەکە و مۆڵگەکان بکەن. لەم شەڕەدا زیانی هێزەکانی حکومەت خۆی دەبینیەوە لە کوژرانی ٣٤ چەکـدار، کە لە نێویانـدا جێگری ڕاوێژکارێک هەبـوو،لەگەڵ بەدیل گـرتنی ٣٠ چەکـدار و سـووتاندنی دوو ئۆتـۆمبێلی سـەربازی. لە ڕووی دەسـتکەوتی سـەربازییەوە، هێزەکانی پێشـمەرگە دەستیان بەسـەر بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنی و ئامێری پەیوەندیکردندا گرت، کە پێکهاتبوون لە ٥٧ چەکی کلاشـینکۆف، ٣ ئـارپیجی (RPG)، ٣ دەکتـاریۆف، یەک ڕەشـاشی جـۆری (BKC)، لەگەڵ ئامێرەکانی پەیوەندی وەک بێسـیمی (LEC)، ڕادیـۆی (Relay)، ئامێری کـۆد، بەداله، ٤ تەلەفۆن، ٦ بێسیمی جۆری (١٠٥)، هەروەها دەست بەسـەر دوو ئامێری تایپ، ٤ ئۆتۆمبێلی جۆراوجـۆر کە یەکێکیـان ئەمبـوڵانس بـوو،لەگەڵ ٢ مۆلیـدەی کارەبـا، بـڕێکی زۆر لە دەرمـان و پێداویستی پزیشکیدا گیرا، زیانەکانی هێزی پێشمەرگە لەم شەڕەدا بریتی بوو لە گیانلەدەستدانی ٣ پێشمەرگە(ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٠،١٦).

لەچوارچێوەی فراوانکردنی بازنەی چالاکییەکاندا،لە شـەوی ٢٣/٢٢ ی تشرینی دووەم، بەشـێک لە هێزەکـانی مەڵبەنـدی دوو هێرشـێکی کوتوپڕیـان کـردە سـەر نـاوچەی سـەفرە. لە ئەنجامدا ٧ مۆلگە و بارەگایەکیان گرت وناوچەکەیان ئازاد کرد، لەئەنجامی ئەم شەڕەدا چەند سەربازێک کوژران و ژمارەیەکیش بەدیل گیران. لەم چالاکییەدا،دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە بریتیبـوو لە هـاوەنێکی ٨٢ ملـیمی، ٢ هـاوەنی ٦٠ ملـیمی، یەک تـۆپی ١٢٠ملـیمی و دۆشکەیەک(ئەرکی نـوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٦). گەشەسـەندنی توانـا هەواڵگـری و سـەربازییەکانی پێشـمەرگە گەیشـتە ئاسـتێک کە لە ١٦ ی شـوباتی ١٩٨٨دا، هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان توانیان لە ناو سـەنتەری دەسـەڵاتدا جێگری پارێزگاری هەولێر عەبدوڵلا حەسـەن خەفـاف لەگەڵ بەڕێـوەبەری موبایەعـات مـحەمەد مسـتەفا دەسـتگیر بـکەن و بیانگوازنەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش(ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل١).

لەگەڵ پێشهاتە سەربازییەکانی ناوچەکە لەکۆتایی مانگی شوباتدا، هێزەکانی سوپای عێراق بۆ دوو ڕۆژ لەسەریەک هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەسەر ڕێگای خەلیفـان. ئەم هێرشـانە بە سـەرەکی لەسـەر دوو قـۆڵی سـتراتیژی چـڕ بوبوونەوە،قـۆڵی یەکەم

ناوچەکانی خەلیفان، بناری چیای کۆرەک، ئالانە، گوندی بناوی و شێخ مەحموودیانی دەگرتەوە، لە کاتێکدا قۆڵی دووەم ناوچەکانی سەروچاوە، مێرگەسەر، دۆڵی زێوێ و هەرتەلی لەخۆ دەگرت. هێزەکانی پێشمەرگە توانیان هێرشەکانی حکومەت لە هەردوو بەرەدا تێکبشکێنن و رێگری لە هەر پێشڕەوییەکی زەمینی بکەن. ئەم ڕووبەڕووبوونەوانە زیانی گیانی و مادیدی بەرچاویان بە هێزەکانی سوپای عێراق گەیاند، کە خۆی لە کوژران و بریندارببونی چەندان سەرباز و بەجێمانی بەشێک لە تەرمەکانیان لە بەرەکانی جەنگدا دەبینییەوە، لە پاڵ تێکشکاندنی تانکێکی سەربازی لەو سنوورەدا. لە بەرانبەردا، زیانەکانی هێزی پێشمەرگە لەم بەرگرییەدا بریتی بوو لە گیان لەدەستدانی ٤ پێشمەرگە بە ناوەکانی (کاوەی عوسمان مستەفا، تەقیەدین خدر، دکتۆر نزار و عەلی دەربەندی) (ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل٨).

بەمەبەستی فراوانکردنی نەخشەی شاڵاوەکان لەسنووری پارێزگای هەولێر، لە شەوی ٢٧ / ٢٨ی تشرینی یەکەم دا ،هێزێکی هاوبەشی سەر بە مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێرشیان کردە سەر ناوچەی گەشتیاری سەری ڕەش، ئەم ناوچەیە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە وەک پایتەختی هاوینە دەستنیشان کرابوو ،کە تێیدا چەندین گەڕەک و خانووی گەشتیاریی دروستکرابوو.بێجگە لەمە چەند باڵەخانەیەکی مۆدێرن بۆ دامودەزگاکانی ڕژێم و سەرکردەکانی بەعس، لەوانەش بارەگایەکی تایبەت بۆ سەددام حسێن(١٩٣٧-٢٠٠٦) لەو ناوچەیەدا بونیاد نرابوون(ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل١،٨).پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سێ لەم هێرشەدا توانیان بە تەواوی دزە بکەنە ناو قوواڵایی شارۆچکەکە و کۆنترۆڵی گەڕەک و هۆتێلە گەشتیارییەکانی وەک (مەدائین، نوور، سۆلاف و حەزەر) بکەن. لە ئەنجامی ئەم هێرشەدا زیانی گەورەی مادیدی و لۆجیستی بە ژێرخانی سەربازی و گەشتیاریی ناوچەکە گەیشت، کە گرنگترینیان بریتی بوون لە تەقاندنەوەی کابینە تایبەتەکانی هەریەک لە سەددام حسێن، تاریق عەزیز(١٩٣٦-٢٠١٥) ، ئەندامانی سەرکردایەتیی قەتەریی حیزبی بەعس، لەناوبردن وپەکخستنی وێستگەکانی ڕادار و تەشویشی فەلەکی ناوچەکە،تەقاندنەوەی قوتابخانەیەکی نوێ و تەقاندنەوەی ١١٥٠ کابینەی گەشتیاری(ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل١،٨).

هاوشانی ئەم زیانە بیناسازییە، گورزێکی کوشندەش لە لایەنی لۆجستی و ئامێریی سوپا وەشێنرا، کە خۆی لە سووتاندنی ٤ زرێپۆش، یەک تانک و ٣٠ ئۆتۆمبێلی جۆراوجۆری سەربازیدا دەبینییەوە. لە هەمان کاتدا، ئەم ئۆپەراسیۆنە بووە هۆی دەستبەسەرداگرتنی بڕێکی زۆر لە چەکی قورس و سووک و پێداویستیی سەربازی کە پێکهاتبوون لە چەکێکی قورسی دۆشکە، هاوەنێکی ٨٢ ملیمی، ٤ چەکی کرینۆف، ٢ چەکی BKC، ٣ ئامێری بێسیم، یەک ئامێری پەیوەندیی ڕاکال ،یەک ئامێری تۆمسۆن، یەک ئامێری شنۆت ، سەرەڕای دەستبەسەرداگرتنی پتر لە هەزاران پارچە کەرەستە و چەکی جۆراوجۆری دیکە. لەئاکامی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لەهێزەکانی حکومەت کوژران وبەدیل گیران، هاوکات زەبرێکی دارایی و مادیدی زۆری لە حکومەتی عێراق وەشاند کە قەبارەی گشتیی زیانە دارایەکانی ڕژێم لەم نەبەردییەدا بە پتر لە ٥٠ ملیۆن دیناری عێراقیی ئەو سەردەمە خەملێندرا(ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل١،٨).

پەلامارەکانی هێزی پێشمەرگە ئاراستەیەکی نوێی لە سنووری پارێزگای سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری وەرگرت. دوابەدوای شکستە سەربازییەکان، هێزەکانی سوپای عێراق لە٢٥ی شوبات دا بە پاڵپشتیی هێزی ئاسمانی وزەمینی، دەستیان بە ئەنجامدانی هێرشێکی سەرتاسەری کرد بە ئامانجی داگیرکردنەوە و چوونە پێشەوە بە ئاراستەی هێڵەکانی تەماسی هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان،ئەم ئۆپەراسیۆنە بەرفراوانە بۆردومانکردنی چڕی هێڵەبەرگرییەکانی پێشمەرگەی لە چەندین تەوەر و قۆڵ گرتەوە، لەوانەش قۆڵی یەکەم (ئاسۆس، مەرگە، مەلا سەفی، بێدەلان، گەورە قەڵا، کۆزەڕووتاڵ)، قۆڵی دووەم (فەرەسەرد، شارستێن، دۆڵ مازەڵە، قەڵەم پاشا)، قۆڵی سێیەم (کێچینە، سورداش، هۆمەرقەوم)، قۆڵی چوارەم (پیرەمەگرون و قۆڵەپۆشێنە)، قۆڵی پێنجەم (دۆڵەڕووت، هەنارانی خواروو،بیرکە)،قۆڵی شەشەم(کۆجار و کەرەدی) (ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل٨).سەرەڕای چڕی هێرشەکان و قەبارەی هێزە بەشداربووەکانی حکومەت، هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا بە پاڵپشتی و هاوکاریی خەڵکی ناوچەکە خۆڕاگرییان نیشاندا و توانییان هێرشەکان تێکبشکێنن ، ڕێگری لە هەر پێشڕەوییەکی سوپا بکەن، بەتایبەتی لە قۆڵی دۆڵەڕووت، پێشمەرگەکان دەستپێشخەرییان کرد، کە دەرئەنجامەکەی بە خستنەخوارەوەی هێلیکۆپتەرێک وکوژرانی ١٢ سەرباز وبەدیلگرتنی ٢سەربازی دیکە، تێکشکانی ناقیلەیەک و ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی جۆری ئیفا تۆمارکرا، ئەم سەرکەوتنە سەربازییەی پێشمەرگە لە قۆڵی دۆڵەڕووت هاوشان بوو لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی بڕێک کەرەستەی لۆجیستی و چەک و تەقەمەنی، کە پێکهاتبوون لە هاوەنێکی ٦٠ ملم، یەک چەکی BKC، چەکێکی قەناس، ئامێرێکی بێتەل، بڵندگۆیەک، دوو ئۆتۆمبێلی فەرماندەیی جۆری جیپ، لەگەڵ ژمارەیەک لە ماسکی دژە گاز و کیسەی خەو و پێداویستی دیکەی سەربازی. لە بەرانبەردا، هێزەکانی پێشمەرگە لەم نەبەردییە و لە ئەنجامی بۆردومانی ئاسمانیی فڕۆکە جەنگییەکاندا زیانی مرۆییان بەرکەوت، بە شێوەیەک کە ٢ پێشمەرگە لە قۆڵی پیرەمەگروون، پێشمەرگەیەک لە قۆڵی قولەپۆشێنە، ٣ پێشمەرگەی دیکەش لە ئەنجامی بۆردومانە ئاسمانییەکانی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعسدا گیانیان لەدەستدا(ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل٨).

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوە سەربازییەکانی پاییزی ١٩٨٨، لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨دا، مەفرەزەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە لە دەڤەری گەرمیان ڕووبەڕووی هێرشێکی ئاسمانیی هێزەکانی سوپای عێراق بوونەوە کە تێیدا چەندین هێلیکۆپتەری جەنگی بەشدار بوون. لە ئەنجامی ئەم پێکدادانەدا،هێزەکانی پێشمەرگە توانیان هێلیکۆپتەرێکی جەنگیی سوپا بخەنە خوارەوە و هێرشەکە تێکبشکێنن. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە گیان لەدەستدانی ٣ پێشمەرگەی لێکەوتەوە بە ناوەکانی (حسێن عەبدوڵڵا ناسراو بە شێرکۆ جدی، هەڵکەوت ناسراو بە موهەندیس جیهاز، شێرزاد ڕەمەزان) (ئەرکی نوێ،ژ٦،ئۆکتۆبەری١٩٨٨،ل٤).

ئەم پێشڕەوی و سەرکەوتنە یەک لە دوا یەکانەی هێزی پێشمەرگە، لە پاڵ ئەو هەموو قوربانیدان و بەرپەرچدانەوەی پەلامارەکاندا، دەرئەنجامی هەبوونی سەرکردایەتییەکی مەیدانی و دامەزراوەیەکی سەربازیی تۆکمە بوون کە بە وردی سەرپەرشتیی ئەم قۆناغە سەختەی دەکرد. لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد ، لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی شۆڕشدا، بوونی دەزگای پێشمەرگایەتی بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی هێزی پێشمەرگە و

ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی بەرانبەر بە ئەرکێکی بنەڕەتی هەژمار دەکرێت. لەناو ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا چەند دەزگایەکی باڵا بوونیان هەبوو کە بەرپرسیاربوون لە دارشتنی نەخشەی سیاسی، کە لەنێویاندا دەزگای پێشمەرگایەتی ئەرکی ڕابەریکردنی چالاکییە پێشمەرگانەکان و جێبەجێکردنی ڕێبازی شۆڕشی پێ سپێردرابوو ئەم دەزگایە وەک ئەزموونێکی نوێ و دەوڵەمەندی شۆڕش، سەرکردایەتی خەباتی چەکداری دەکرد بۆ تێکشکاندنی هێزی بەرانبەرو لەباربردنی پیلانەکانی حکومەتی بەعس(ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل١٤،٥). هاوکات لەگەڵ ئەرکە سەربازییەکان، دەزگاکە بەرپرسیارێتی سەرپەرشتیکردنی تیپ و مەڵبەندەکان، هەڵسەنگاندنی ئاستی کادرەکان، لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان، چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی ژیانی پێشمەرگەی لەئەستۆدابوو،بەڕێوەبەرانی ئەم دەزگایەش لەو کادرە پێشکەوتوو و لێهاتووانە پێکهاتبوون کە لەناو تاقیکردنەوە سەختەکانی شۆڕشدا ئازایەتی و لێوەشاوەیی خۆیان سەلماندبوو،توانا سیاسی و سەربازییەکانیان خستبووەگەڕ ، سەرەڕای ئەوەی ڕێژەیی بەعس زەمینەیەکی تۆقێنەری دروستکردبوو،دەسەڵاتی خۆی تا دوورترین گوندەکان دەڕێکردبووەوە بۆ سەرکوتکردنی هەر جووڵەیەک، بەڵام سەرکردە و کادرەکانی شۆڕش بە کردار لە مەیدانی خەباتدا ڕابەرایەتییان کرد (ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل١٤).

هەوڵە دیبلۆماسییەکان

لەچوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکانی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی دۆزی کورد و ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی جیهان، لە ٧ ی تەممووزی ١٩٨٧، هەریەک لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی گەلی دیموکراتی کوردستان()، حیزبی شیوعی عێراق بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە فەرەنسا و فیدراسیۆنی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییان لە بارەگای ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە شاری پاریس بۆ سەرکۆنەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی سازکرد (ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل٧).لەم کۆنگرەیەدا ئەحمەد بامەرنی (١٩٥٢-٢٠٢٠) وەک نوێنەری پارتە کوردییەکان دەستنیشانکرا ،هەریەک لەکلۆد مالیۆرینی() وەزیری مافی مرۆڤی فەرەنسا و پاتریک بۆدوان() سکرتێری فیدراسیۆنی جیهانی مافی مرۆڤ، ناڕەزایی بەرانبەر سیاسەتی زەوی سووتماک، داخستنی قوتابخانەکان، زیندانیکردنی سەدان منداڵ و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەربڕدرا، ئاماژە بە دۆخی سێ قوربانی چەکی کیمیاوی ناوچەی باڵیسانی سەر بە پارێزگای هەولێر کرا کە پێکهاتبوون لە موحسینە تاهیر، عەتیە ڕەسوڵ و منداڵێکی حەوت ساڵان کە لە نەخۆشخانەی سانت لۆک لە شاری لیۆن چارەسەریان وەردەگرت، هاوکات ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (ئەمنێستی ئینتەرناشنڵ) فایلێکی تەواوی دەربارەی ئەو تاوانانە خستەڕوو(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل٧).

لە چوارچێوەی هەوڵە دیپلۆماسی و ڕێکخراوەییەکانی لایەنە کوردییەکان لە دەرەوەی وڵات، بەستنی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی کۆمەڵە و ڕێکخراوە خوێندکارییە کوردی و کوردستانییەکان لە بەرلینی ڕۆژئاوا، وێستگەیەکی گرنگی کۆکردنەوەی تواناکان بوو. ئەم کۆنگرەیە لە ١٩ ی ئابی ١٩٨٨دا بە بەشداری شەش ڕێکخراوی سەرەکی لەژێر دروشمی" ***با ١٦ ی ئازار،ڕۆژی بۆمبارانکردنی هەڵەبجە بکەین بەڕۆژی جیهانی بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی وگەشەدان بەهاوکاری لەگەڵ خەباتی گەلی کورد لەپێناوی مافی چارەنووس***

وئاشتی و دیموکراتی دا" بەسترا (ئەرکی نوێ،ژ٥،ئابی ١٩٨٨،ل١). ڕەهەندی دیپلۆماسیی ئەم کۆبوونەوەیە لە ئامادەبوونی نوێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی جیهان (AUS) و چەندین ڕێکخراو میواندا ڕەنگی دایەوە، کە نیشاندەری هەوڵەکانە بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەکە لە ڕێگەی ناوەندە ئەکادیمی و لاوانەوە، کۆنگرەکە سێ ڕۆژی خایاند، بەبەشداری ٦٠٠ کەس. ئەمەش ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ فراوانیی قەبارەی ڕێکخستنەکان و جەماوەری بوونی پرسەکە لەسەر ئاستی ئەورووپا. وەک بەشێک لە چالاکییە مەیدانییەکان بۆ دروستکردنی گوشاری دیپلۆماسی، لە ڕۆژی دووەمی کۆنگرەکەدا خۆپیشاندانێکی ڕێکخراو لە ناوەندی بەرلین بەڕێوەچوو، کە تێیدا جەختت لەسەر پێویستیی چارەسەرکردنی پرسی کورد و ڕاگرتنی جەنگ کرایەوە(ئەرکی نوێ،ژ٥،ئابی ١٩٨٨،ل١،٥).

لە ١١ - ١٣ی ئەیلوولی ١٩٨٧ لە کاتی سەردانی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاران، هەر یەک لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان-عێراق ،پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)[0] و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان نامەیەکیان ئاراستەی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد و تێیدا تیشکیان خستە سەر ئەو شەڕە خوێناوییەی ڕژێمی عێراق بەسەر کوردیدا سەپاندوویەتی کە پێی نابووە قۆناغێکی نوێ و ترسناکەوە (ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل١).

لە درێژەی ئەم هەوڵانەدا بە شێوەیەکی کرداریتر، لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ،لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە دەستگیرکردنی سێ ئەندازیاری ئیتالی ڕاگەیاند، کە وەک فەرمانبەر بۆ حکومەتی عێراق کاریان دەکرد. ئەم هەنگاوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک هەڵوێستێکی ناڕەزایی توند بوو دژی سیاسەتەکانی حکومەتی ئیتالیا، بەتایبەتی پێدانی چەک و تەقەمەنی و بۆمبی کیمیایی بە ڕژێمی عێراق کە بۆ سەرکوتکردنی گەلی کورد بەکاردەهێنران. لە پاڵ ئەمەشدا، بەیاننامەکە ڕەخنەی لە بەشداریکردنی ئیتالیا لە هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکان دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران گرتووە، کە لە ڕوانگەی بزووتنەوەی شاخەوە وەک پیلانێکی ئیمپریالیستی بە ئامانجی پاراستنی ڕژێمی بەعس و هێشتنەوەی هەژموونی ولاتانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا تەماشا دەکرا. بۆ ئەم مەبەستە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان هۆشداری دا کە بەردەوامیی پاڵپشتیکردنی ڕژێمی بەغدا، بەرژەوەندییە نەوتی و ئابووریەکانی ئەو ولاتانە دەخاتە ژێر مەترسیی لێدانەوە. لە کۆتاییدا، وەک مەرجێک بۆ ئازادکردنی دیلەکان، سەرکردایەتی یەکێتی داوای وەستانی دەستبەجێی هاوکارییەکانی ئیتالیا بۆ عێراق و کێشانەوەی کەشتییە جەنگییەکانی ئەو ولاتەی لە کەنداو کرد (ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٠).

بە مەبەستی فراوانکردنی بازنەی دیپلۆماسی، مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چەندین بروسکە و نامەی ئاراستەی سەرکردەی ولاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کرد، لەوانە میخائیل گۆرباچۆف(١٩٣١-٢٠٢٢) لە مۆسکۆ، فرانسوا میتەران(١٩١٦-١٩٩٦) لە پاریس، عەلی خامنەیی (١٩٣٩-٢٠٢٦)لە تاران، موعەمەر قەزافی(١٩٤٢-٢٠١١) لە تەرابلوس، حافز ئەسەد(١٩٣٠-٢٠٠٠) لە دیمەشق، خاڤێر پێرێز دێ کوێلار (١٩٢٠-٢٠٢٠)سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان، فەتحی ڕەزوان(١٩١١-١٩٨٨) سەرۆکی

ڕێکخراوی عەرەبی بۆ مافی مرۆڤ، پاپای ڤاتیکان(١٩٢٠-٢٠٠٥)، کە ئەم جۆرە جوواڵانە بوونە هۆی دروستبوونی شەپۆلێک لە خۆپیشاندان لە هۆڵەندا، دانیمارک، بەریتانیا، سوید، نەمسا و ئەمریکا دژی ئەو کۆمپانیایانەی گازی ژەهراوییان بە عێراق فرۆشتبوو، لەگەڵ دەربڕینی ناڕەزایی و بێزاری لەلایەن سەندیکاکانی ئیتاڵیا و ماموستایان و زانایانی بەریتانیاوە(ئەرکی نوێ،ژ١،تشرینی یەکەمی١٩٨٧،ل٩).

لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبیش، لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧، پارتە سیاسییەکانی کوردستان کە پێکهاتبوون لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان-عێراق، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان یاداشتێکیان ئاراستەی کۆنگرەی نائاسایی سەرانی عەرەب لە عەممان کرد و تێیدا ئاماژە ترسناکەکانی تاوانەکانی ڕژێمیان خستەڕوو،داوایان کرد حکومەتی عێراق ئەو تاوانانە بوەستێنێت(ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل٢). هەرلەچوارچێوەی هەوڵە دیبلۆماسییکاندا کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٧ نامەیەکیان ئاراستەی میخائیل گۆرباچۆف کرد پێش سەردانەکەی بۆ ئەمریکا بۆ مۆرکردنی پەیماننامەی موشەکی، تا لەو میانەیەدا ئاوڕ لە کارەساتی گەلی کورد بداتەوە (ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل٢).

لە ڕووی مرۆیی و مامەڵەکردن لەگەڵ دیلەکانی جەنگ،سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێگەی یاداشتێکەوە بانگەوازێکی ئاراستەی کۆمیتەی خاچی سووری جیهانی کرد،ڕایگەیاند کە زیاتر لە هەزار ئەفسەر و سەربازی دیلی عێراق کەوتونەتە دەست هێزی پێشمەرگە بەپێی پەیماننامەی جنێف مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بەهۆی نەبوونی توانای دارایییەوە داواییان لە خاچی سوور کرد پزیشک و دەرمان و خۆراکیان بۆ دابین بکات، لە بەرانبەریشدا گوشار بخاتە سەر عێراق کەچیدیکە دیلە کوردەکان بە کۆمەڵ لەسێدارە نەدات، واز لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بهێنێت (ئەرکی نوێ،ژ٤،تەموزی١٩٨٨،ل١٤).

لوتکەی ئەم هەوڵە فرەڕەهەندانە لە پەرلەمانی ئەورووپا لە شاری ستراسبۆرگی فەڕەنسا لە ١٢ - ١٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨ ڕەنگی دایەوە ،نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمانەکان لە ١٥ی ئەیلوول کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان سازکرد و داوای سزای ئابووری، سەربازی و تەکنەلۆژییان بۆ سەر عێراق کرد،بەهەمان شێوە داوای پێدانی مافی پەنابەرێتی بە کوردەکان ،لەگەڵ ناردنی لێژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سنوورەکانی تورکیا و ئێران بۆ پشتڕاستکردنەوەی شوێنەواری چەکی کیمیاوی . دوابەدوای ئەوە پەرلەمانی ئەورووپا بە تێکڕای دەنگ ، بڕیارێکی مێژوویی دەرکرد کە تێیدا سەرکۆنەی هەموو ڕێوشوێنێکی سەرکوتکەرانە و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژبە گەلی کورد کرد، هەروەها داوای لە لایەنەکان کرد بە ئاشتیانە کێشەکە چارەسەر بکەن و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرن، داوای لە ئەنجومەنی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندام کرد ناردنی هەموو جۆرە چەک و کەرەستەیەکی کیمیاوی بۆ عێراق ڕابگرن(ئەرکی نوێ،ژ٦،ئۆکتۆبەری١٩٨٨،ل١،٣).

نزیک بوونەوەی پارتە کوردییەکان

دوابەدوا ئەوەی بـزووتنەوەی رزگـاریخوازی گەلی کوردسـتان ڕووبەڕووی قۆنـاغێکی هەسـتیار و چـارەنووس سـاز بـووەوە، کە پێویسـتییەکی مـێژوویی بە یەکخسـتنی ڕیزەکـان و کۆتاییهێنـان بە پەرتەوازەیی هـێزە سیاسـییەکان دەخواسـت. لەم چوارچێـوەیەدا، هەوڵە دیپلۆماسییەکان لەلایەن سەرکردایەتیی هێزە کوردستانییەکانەوە چڕکرانەوە بۆ کەمکردنەوەی نـاکۆکییە ناوخۆییەکـان و دروسـتکردنی بەرەیەکی یەکگرتـوو، چـونکە پچڕپچـڕی و نەبـوونی سـتراتیژێکی هـاوبەش لە ڕابـردوودا زیـانی گەورەی بە دۆزەکە گەیانـدبوو و خـزمەتی بە هـێزە نەیارەکان کردبوو. وەک هەنگاوێکی کـرداریی گرنگ و وەرچەرخانێکی دیپلۆماسی لەم بـوارەدا، لەسـەرەتای کـانونی یەکەمی ١٩٨٧دا، وەفـدێکی بـاڵای یەکێتـیی نیشـتمانیی کوردسـتان بە سـەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی و وەفـدێکی پارتی دیموکراتی کوردسـتان - عـێراق بە سـەرۆکایەتیی مەسعود بارزانی چەندین دانیشتنی هاوبەشیان ئەنجامدا. لە دەرئەنجامی ئەم کۆبوونەوانەدا، لە ١٠ی کـانونی یەکەمی ١٩٨٧ بەیاننـامەیەکی هـاوبەشی دووقـۆڵی واژوو کـرا کە تێیـدا هەردوولا سـوورببوونی خۆیـان لەسـەر هاوکـاری و گەشـەپێدانی پەیوەنـدییەکانیان دەربـڕی (ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١).

ئەم ڕێککەوتـنە نەک تەنیـا جەخـتی لەسـەر خەبـات بـۆ پێکهێنـانی بەرەی کوردسـتانی دەکردەوە، بەڵکو هەوڵێکی فراوانتریشی. لەخۆدەگرت بۆ دروستکردنی بەرەیەکی سەرتاسەری لە سەرجەم هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراق بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕژێم و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی کە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی نێوان کورد و عەرەبدا زامن بکات(ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٥). ئەم هەنگاوە دیپلۆماسییانە درێژکراوە و دەرئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە دووقۆڵییانە بوون کە هەر لە ساڵی ١٩٨٦ەوە لە نێوان هێزە جیاوازەکانی گۆڕەپانی کوردستاندا دەستیان پێکردبوو، وەک ڕێککەوتنەکانی نێوان یەکێتیی نیشـتمانی کوردسـتان لەگەڵ حـیزبی سۆشیالیسـتی کوردسـتان- عـێراق، پـارتی سۆشیالیسـتی کورد(پاسـۆک)، پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق ،پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمنستی عێراق، پەرەسەندنی ئەم پەیوەندییانە زەمینەیان خۆشکرد بۆ دروستبوونی متمانە و هاوکاریی سەربازی و سیاسی، کە لە بەرانبەردا حکومەتی عێراقی ناچار کرد سیاسەتی ڕاگواستن و هەوڵەکـانی بـۆ لەنـاوبردنی گەلی کـورد چرتـر بکـاتەوە(ئەرکی نـوێ،ژ٢،کـانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٥،٦).

لێرەوە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی کوردستان لەم قۆناغەدا وەک سەکۆیەکی گونجاو سەیر دەکـرا بـۆ یەکخسـتنی گوتـاری سـیاسی بەبێ ئەوەی هـیچ پـارت و ڕێکخراوێـک دەسـت بەرداری ئایدۆلۆژیا و ستراتیژی سەربەخۆی خۆی ببێت. ئەم هاوپەیمانێتییە وەڵامێکی مێژوویی بـوو بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی پیلانەکـانی ڕژێـم و کۆتـایی هێنـان بە فـرەدەنگی لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتی، کە پێشتر وەک پاساوێک بۆ پەرتەوازەیی شۆڕش لەلایەن کۆمەڵگەی دەرەوە سەیر دەکـرا. لەرێگەی ئەم چوارچێـوە بەرەیـیەوە، هـێزە کوردسـتانییەکان توانیـان بەرەی ملمـلانێ و بەربەرەکانی دژی ڕژێم فراوانتر بکەن و بانگهێشتی سەرجەم لایەنەکان بکەن بۆ بەشداریکردن لەم خەباتە چارەنووس سازەدا(ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٥،٦).

لە پاڵ ئەم پێشهاتانەدا،لە چوارچێوەی فراوانکردنی بازنەی هەوڵە دیپلۆماسییەکان بۆ سەر ڕەهەندە هەرێمییەکانی بزووتنەوەی کوردیدا، ئەم جووڵە سیاسییانە تەنیا لە سنووری باشووری کوردستاندا قەتیس نەبوون. لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٨٨دا، وەفدێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی ، وەفدێکی پارتی کرێکارانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵا ئۆجەلان چەندین کۆبوونەوەیان ئەنجامدا و پرۆتۆکۆلێکی هاوکاریی گشتگیریان لە نێوان خۆیاندا واژوو کرد، لە ڕووی سیاسییەوە، ڕێککەوتنەکە جەختی لەسەر دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی شۆڕشگێڕانە دەکردەوە بەبێ چوونە ناو هیچ بەرەیەک دژی یەکتری، لەگەڵ تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووس و چەسپاندنی دیموکراسی لە عێراق و تورکیادا، ئەم پرۆتۆکۆلە ڕێزگرتنی لە سەربەخۆیی سیاسی و فیکریی یەکترو دەستوەرنەدان لە کاروباری ڕۆژانەی یەکتری جێگیر کرد، بە ڕەچاوکردنی تەواوی تایبەتمەندییەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان .لە ڕووی سەربازیشەوە، هەردوولا گەیشتنە لێکتێگەیشتن بۆ ئاڵوگۆڕی شارەزایی لە بواری شەڕی پارتیزانی و پێشکەشکردنی کۆمەکی پێویست بە یەکتری، لە پێناو گەشەپێدانی توانای پێشمەرگە و هەنگاونان بەرەو دروستکردنی لەشکرێکی ڕزگاریی شۆڕشگێڕی یەکگرتوو(ئەرکی نوێ،ژ٤،تەموزی١٩٨٨،ل٥).

لە بواری‌کانی ڕاگەیاندن و میدیاشدا، هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر وەستاندنی هەموو جۆرە هێرشێکی ڕاگەیاندن لە نێوانیاندا و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ و ڕەخنەی بنیات نەرەوە، هەروەها هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئاژانسێکی دەنگوباسی هاوبەش بۆ کوردستان(ئەرکی نوێ،ژ٤،تەموزی١٩٨٨،ل٩).

بە شێوەیەکی گشتی، ئەم زنجیرە ڕێککەوتن و بەیاننامانە پێکەوە، وێنەیەکی ڕوونی قۆناغێکی گرنگی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی ناوخۆیی و هەرێمیی بزووتنەوەی کورد دەخەنە ڕوو کە ئامانجی ستراتیژی لێیان پاراستنی یەکڕیزیی نەتەوەیی و بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و سەربازی بووە بەرانبەر بە ئاڵنگارییە سەختەکانی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو.

دەرئەنجام:

لەسەر بنەمای شیکارییەکانی ئەم توێژینەوەیە، گەیشتین بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١ .ڕۆژنامەکە توانیویەتی لە چوارچێوەی حیزبی دەربچێت و وەک پردێکی ستراتیژی نێوان خەباتی شاخ و ڕەوەندی کوردی لە ئەوروپا کار بکات. سەرەڕای قەیرانی دارایی و کەمیی ستافی پسپۆڕ، ڕۆژنامەکە توانیویەتی گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو دژی شاڵاوەکانی سێکوچکەی بەعس دروست بکات.

٢ .ڕۆژنامەکە ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەبووە لە گۆڕینی تێڕوانین بۆ شۆڕش، لە خەباتێکی چەکداریی تەسکەوە بۆ پڕۆژەیەکی نیشتمانیی بەرگری. ئەم گوتارە، پێشمەرگەی وەک هێزێکی پارێزەری نەتەوەیی پێناسە کردووە و جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە یەکڕیزیی سیاسی و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی تاکە قەڵغانی پاراستنی گەلە لە بەرانبەر سڕینەوە و قڕکردن.

٣ .ڕۆژنامەکە بە وردی ڕەخنەی لە بێدەنگیی زلهێزەکان گرتووە و پرسی کوردی لە ئاستێکی ناوخۆییەوە بەرزکردووەتەوە بۆ پرسێکی جیهانیی مافی مرۆڤ. ئەم هەوڵە دیپلۆماسییانە، لەگەڵ فشارەکانی سەرکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکان، بوونە هۆکارێک بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی

کارەساتەکانی وەک کیمیاباران و گۆشەگیرکردنی سیاسی و ئابووریی ڕژێمی بەعس لە ئاستی پەرلەمانی ئەوروپا و ناوەندە جیهانییەکاندا.

٤. بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی ناو ڕۆژنامەکە، دەرکەوتووە کە سیاسەتی ڕژێمی بەعس لە قۆناغی (١٩٨٧-١٩٨٨)دا، پلانێکی هەمەلایەنە بووە بۆ پاکتاوی نەژادی لە ڕێگەی وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری و ڕاگواستنی زۆرەملێ. لە بەرانبەر ئەمەشدا، ڕۆژنامەکە توانیویەتی وێنەیەکی ڕاستەقینەی خۆڕاگریی گەل و هێزی پێشمەرگە تۆمار بکات، کە بووەتە سەرچاوەیەکی مێژووویی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لەو سەردەمەدا.

٥. ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ ڕۆڵێکی کارای هەبووە لە یەکترنزیک بوونەوەی پارتە کوردییەکان لە گۆڕەپانی سیاسیدا. گوتاری ئەم ڕۆژنامەیە وەک ئامرازێکی ستراتیژی بۆ زەمینەسازیی هزری و یەکخستنی ماڵی کورد کاری کردووە،بە جۆرێک لە ڕێگەی تیشک خستنە سەر مەترسییە چارەنووس سازەکانەوە، ڕۆڵێکی بەرەیی گێڕاوە لە تێپەڕاندنی بیرکردنەوەی پەرتەوازەیی بەرەو دروستکردنی یەکڕیزییەکی نیشتمانی، کە دواجار ئەم هەوڵانە لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانییدا بەری خۆیان دا و بەرجەستە بوون.

٦. ڕۆژنامەی ئەرکی نوێ لە نێوان ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨)دا، توانیویەتی وەک ئەرشیفێکی گرنگ و سەرچاوەیەکی مێژووویی ڕەسەن، چالاکییە جۆراوجۆرەکانی هێزەکانی پێشمەرگە دژ بە حکومەتی عێراق تۆمار بکات . ئەم بڵاوکراوەیە لە چوارچێوە حیزبییە بەرتەسکەکەیەوە بەرەو ئاستی ڕۆژنامەگەرییەکی نەتەوەیی گەشەی کرد، بە شێوازێک کە بووە بەڵگەیەکی مێژووویی متمانەپێکراو بۆ پاراستنی مێژووی بەرگریی چەکداریی پێشمەرگە لە دژی پرۆسەکانی جینۆساید و سڕینەوەی شوناس لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە.

پەراوێزەکان:

١- شۆڕشی نوێ: دەستەواژەیەکە لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەکار هێنراوە، ناوەڕۆکەکەی ئاماژەیە بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە ساڵی ١٩٧٦ لەسەر دەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بە پێی ناوەڕۆکی دەستەواژەکە، شۆڕش بەسەر (کۆن) و (نوێ)دا دابەش کراوە ، شۆڕشی نوێ لە شۆڕشە کۆنەکە جیا کراوەتەوە،واتای ڕەخنەگرانەی دەستەواژەکە لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی (کۆن)و (نوێ)دا دەردەکەوێت،چونکە بەپێی ئەم تێڕوانینە، شۆڕشی کۆن نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، لێرەشەوە شۆڕشێکی نوێ هاتە ئاراوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی کە شۆڕشی پێشوو نەیتوانیبوو بەئاکام پێیان بگات.بڕوانە: (ئەسەسەرد،٢٠٢١،ب٢،ل١٢٩٦-١٢٩٧).

٢- ڕێکەوت عوسمان مەجید: ساڵی ١٩٥٥ لە گەڕەکی سابونکەران لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی وئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٠ی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی لە زانکۆی مووسڵ تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٣ لە ڕیزی یەکێتیی قوتابییانی کوردستاندا دەستی بە کاری ڕێکخراوەیی کرد،لە ساڵانی ١٩٧٦ - ١٩٧٧ لە بواری ڕێکخستنی خوێندکارانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا چالاکیی نواند، ساڵی ١٩٨١ کرایە

سەرپەرشتیاری ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، ساڵی ١٩٨٦ چوو بۆ دەرەوەی وڵات و لە سوید گیرسایەوە. ساڵی ١٩٨٨ بە ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاری کۆمیتەی ئەوروپای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ودەستەی سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات هەڵبژێردرا. لە ساڵانی ١٩٩٧-٢٠٠١ سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بوو لەئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان،ساڵی ٢٠٠١ بەپەلەی وەزیر خانەنشین کرا.بڕوانە:(ئەسەسەرد،٢٠٢١،ب٢،ل١١٠١-١١٠٢).

٣- بەرەی کوردستانی: هاپەیمانییەکیی سیاسیی وسەربازیی بوو لە(٦ی حوزەیرانی ١٩٨٨) دا، نوێنەرانی شەش پارتی کوردستانی لە ناوچەی خواکورک کۆبوونەوە. لەوێدا بەڵگەنامەی دروستبوونی بەرەی کوردستانییان واژوو کرد، کە پێکهاتبوون لەم پارت و کەسایەتییانە (پارتی سۆسیالیستی کورد: ملازم کەریم، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان: محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان (سامی)، پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق :عەلی عەبدوڵلا، حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق: ڕەسوڵ مامەند، حیزبی شیوعی عێراق: عەزیز محەمەد، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: نەوشیروان مستەفا) ، دواتر هەریەک لەحیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری پەیوەندییان پێوەکرد.بۆزانیاری زیاتربڕوانە: (ابوبکر،٢٠١٧،ل٣٠-٣٩).

٤-بۆناوی کوژراوەکان بڕوانە:(ئەرکی نوێ،ژ٣،ئازاری١٩٨٨،ل٨).

٥-بۆناوی کوژراوەکان بڕوانە:(ئەرکی نوێ،ژ٦،ئۆکتۆبەری١٩٨٨،ل٤).

٦-بۆناوی کوژراوەکان بڕوانە:(ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی ١٩٨٧،ل١٠).

٧-بۆناوی کوژراوەکان بڕوانە:(ئەرکی نوێ،ژ٢،کانونی یەکەمی١٩٨٧،ل١٠).

٨- حیزبی گەلی دیموکراتی کوردستان: دوای دروستبوونی ململانێ لەنێوسەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا،سامی عەبدولڕەحمان لەگەڵ بەشێک لەسەرکردەکانی سەرکردایەتیی،لەکۆنگرەی نۆیەم لەپارتی دیموکراتی کوردستان جیابوونەوە لە(٢٦-٣٠ی تەموزی ١٩٨١)لەقیەننا کۆنگرەی دامەزراندنی پارتەکەیان بەست و پارتێکی نوێیان دامەزراند ،کەوەک پارتێکی نەتەوەیی و چەپ خواز خۆی ناساند. سامی عەبدولڕەحمان وەک سکرتێری گشتی پارتەکە دیاریکرا.بۆپترزانیاری بڕوانە:(جەلال ،٢٠١٧،ل١١٧-١٢٧).

٩- کلۆد مالیۆرینی، لە ساڵی ١٩٥٠ لە فەرەنسا لەدایکبووە، کەسایەتییەکی دیاری بواری سیاسی و پزیشکییە. لە ڕووی بەرپرسیارێتیی حکومییەوە، ناوبراو لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ - ١٩٨٨ پۆستی وەزیری دەوڵەتی بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ لە حکومەتی فەرەنسا بەڕێوەبردووە. لە پاڵ ئەمەشدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بواری مرۆییەکاندا هەبووە، بە جۆرێک کە پێشتر پۆستی سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی پزیشکانی بێ سنوور (Médecins Sans Frontières)ی

گرتووەتە ئەستۆ. لە ئێستاشدا، بەردەوامە لە کاری سیاسیی وەک ئەندام لە ئەنجومەنی پیرانی فەرەنسا دەستبەکارە.

١٠- پاتریک بۆدوان، ساڵی ١٩٤٦ لە فەرەنسا لەدایکبووە، پارێزەر و چالاکوانێکی پێشەنگ و دیارە لە بواری مافەکانی مرۆڤدا لەسەر ئاستی جیهان. لە ڕووی وەرگرتنی بەرپرسیارێتییەوە، ناوبراو لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥ - ٢٠٠١ پۆستی سەرۆکایەتیی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ (FIDH)ی بەڕێوەبردووە، پاشان لە ساڵی ٢٠٢٢دا وەک سەرۆکی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ لە فەرەنسا (LDH) دەستنیشان کراوە. لە کاروانی پیشەییدا وەک پارێزەرێک، بۆدوان ڕۆڵێکی گەورە و ستراتیژی هەبووە لە بەرگریکردن لە قوربانیانی تاوانەکانی جەنگ و پێشێلکارییە زەقەکانی مافی مرۆڤ، هەروەها بەشداریی کرای کردووە لە ڕاکێشکردنی چەندین دیکتاتۆر و تاوانباری جەنگ بۆ بەردەم دادگا نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی چەسپاندنی دادپەروەری.

١١- پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک): لەسەربناغەی کۆمەڵەی ئازادی وژیانەوەی یەکێتیی کورد(کاژیک) لە (١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥) لەشاری کەرکوک دامەزرا.سەرەتا بەناوی (پارتی سۆسیالیستی نەتەوەیی کورد) بوو،دواتر لەیەکەم کۆنفرانسی پارتەکەدا لە(١١ی ئەیلوولی ١٩٧٦) ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (پارتی سۆسیالیستی کورد) ،دەستەی دامەزرێنەرانی پێکهاتبوون لە(ئازاد مستەفا-سکرتێری حیزب،ملازم مەنسور،ملازم کەریم،ملازم شوان،فەرهاد عەبدولقادر،جەلال حاجی حوسێن و عەبدوڵلا ئاگرین)،دروشمی سەرەکی پارتەکە کوردستانێکی ئازادو گەلێکی یەکسان بووە. بڕوانە: (فاتیح ،٢٠١٢،ل١٥٦-١٥٧).

لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم: کتێب

بەزمانی کوردی

- ئەسەسەرد،فەرید (٢٠٢١)،ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،بەرگی دووەم،چاپی چوارەم،سلێمانی،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی سەروەری.
- ئەسەسەرد،فەرید(٢٠٢١)،ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،بەرگی یەکەم،چاپی چوارەم،سلێمانی،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی سەروەری.
-ئەحمەد،نەوزاد عەلی(٢٠٠٤)،ڕۆژنامەگەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدەرەوەی کوردستان،سلێمانی،چاپخانەی دوارۆژ.
-ئەحمەد،نەوزاد عەلی(٢٠١٢)،بیلۆگرافیای کتێبی نهێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١،سلێمانی،چاپخانەی دلێر.
-ئەحمەد،نەوزادعەلی(٢٠١٣)،ئەرکی نوێ،سلێمانی ،چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.
-تەنیا،ئیسماعیل(٢٠١٣)،ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی(ئازاری١٩٧٥-١٩٩٣)،هەولێر،چاپخانەی وەزارەی ڕۆسنبیری.

- جەلال ،کاوە تەیب(٢٠١٧)،سلێمانی،کەرتبوون لەنێو پارتەسیاسییەکان لەباشوری کوردستان ١٩٧٦-١٩٨٨،چاپخانەی حەمدی.

- فـــــــاتیح،محەمەد(٢٠١٢)،حـــــــــزب وڕێکخراوەسیاســـــــــیەعیراقییەکان١٩١٠-٢٠١٠،سلێمانی،لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران.

دووەم: ڕۆژنامە

-ئەرکی نوێ، خوێنەری بەڕێز سلاوێکی گەرم ،ژ:١،ساڵی یەکەم(تشرینی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ، خوێنەری بەڕێز سلاوێکی گەرم ،ژ:٢،ساڵی یەکەم(کانونی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ،ڕوونکردنەوەیەک،ژ:٤،ساڵی یەکەم(تەموزی١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،ئەرکی نوێ،ژ:١،ساڵی یەکەم(تشرینی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ،هەوڵی توانەوەی کوردوبەعەرەب کردنی،ژ:٣،ساڵی یەکەم(ئازاری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،کوردستان مەڵبەندی ژیانە نەک تاقیگە،ژ:١،ساڵی یەکەم(تشرینی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ،چەندباسێکی مەسەلەی کورد،ژ:٣،ساڵی یەکەم(ئازاری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،پێشمەرگەی کوردستان سوپای پارێزەری گەلی کوردە،ژ:٢،ساڵی یەکەم(تشرینی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ،هەڵەبجە بەڵگەی شەڕی مان ونەمانە،ژ:٤،ساڵی یەکەم(تەموزی١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،ســـەرکەوتووبێ بەرەی نیشـــتمانی کوردســـتان،ژ:٢،ســـاڵی یەکەم(کـــانونی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ،بەیـانێکی دووقـۆڵی نێـوان ی .ن.ک وپ.د.ک-عـیراق،ژ:٢،سـاڵی یەکەم(کـانونی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ،پەرلەمـانی ئەوروپـا رژێـمی عـیراق تاوانبـار دەکـات،ژ:١،سـاڵی یەکەم(تشـرینی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ،ئەرکی نوێ،ژ:٢،ساڵی یەکەم(کانونی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ،ئەودەنگەناسازە،ژ:١،ساڵی یەکەم(تشرینی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ، ئاشتی ناوچەکەبەچارەسەری مەسەلەی کوردەوەیە،ژ:٥،ساڵی یەکەم(ئابی١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،کوردستانێکی بێ خەڵک،ژ:٤،ساڵی یەکەم(تەموزی١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،نامەی خوێنەران،ژ:٣،ساڵی یەکەم(ئازاری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،ئەمنستی ئینتەرناسیونال،ژ:٣،ساڵی یەکەم(ئازاری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،هەواڵەکانی کوردستان،ژ:٢،ساڵی یەکەم(کانونی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ،ئەمنستی ئینتەرناسیونال،ژ:٤،ساڵی یەکەم(تەموزی١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،تێکشکاندنی هێرشێکی بەربڵاو،ژ:٣،ساڵی یەکەم(ئازاری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،قسـەکەرێکی ی.ن.ک.دواکاری درنـدانەی فاشسـتەکان،ژ:٢،سـاڵی یەکەم(کـانونی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نـوێ،ڕژێم لەســەر تـاوانی بەکارهێنـانی چەکی کیمیـاوی هەربەردەوامە،ژ:٦،ســاڵی یەکەم(ئۆکتۆبەری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ، ئەی بۆچی وێژدانتان نابزوێ،ژ:٣،ساڵی یەکەم(ئازاری١٩٨٨).

-ئەرکی نوێ،فەرهەنگی سیاسی،ژ:٢،ساڵی یەکەم(کانونی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ،ئەم هەواڵانە،ژ:٢،ساڵی یەکەم(کانونی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ، لەسێدارەدان لەعێراقدا،ژ:٣،ساڵی یەکەم(ئازاری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،بریاری پەرلەمانی ئەوروپی،ژ:٦،ساڵی یەکەم(ئۆکتۆبەری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،دووهەواڵ،ژ:٣،ساڵی یەکەم(ئازاری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ، تێکشاندنی مەرکەزێکی ڕادار،ژ:٦،ساڵی یەکەم(ئۆکتۆبەری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،هەواڵەکانی کوردستان،ژ:١،ساڵی یەکەم(تشرینی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ،گرتنی یارێدەدەری پارێزگاروبەڕێوەبەری موبایەعاتی هەولێر،ژ:٣،ساڵی یەکەم(ئازاری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،تیکشکاندنی هێرشێکی بەربڵاو،ژ:٣،ساڵی یەکەم(ئازاری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،نەبەردێک،ژ:٣،ساڵی یەکەم(ئازاری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ، شۆڕشی کوردستان لەپرۆسەی گەشەکردندا،ژ:٣،ساڵی یەکەم(ئازاری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ، شۆڕش وجەماوەروسەرکردایەتی،ژ:٣،ساڵی یەکەم(ئازاری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری لەپاریس ڕێزێمی بەعس تاوانبار دەکات،ژ:١،ساڵی یەکەم(تشرینی یەکەمی).
-ئەرکی نوێ، کۆنگرەی یەکگرتنەوەی کۆمەڵەخوێندکاری یەکوردی وکوردستانییەکان،ژ:٥،ساڵی یەکەم(ئابی١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ، هێزەکوردستانییەکان نامەیەیەک ئاراستەی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەن،ژ:١،ساڵی یەکەم(تشرینی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ، خەبات لەدژی چەکی کیمیاوی،ژ:١،ساڵی یەکەم(تشرینی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ، نامەیەک بۆسەرانی عەرەب،ژ:٣،ساڵی یەکەم(ئازاری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،بروسکەی ئەکسا بۆگۆرباچۆڤ،ژ:٢،ساڵی یەکەم(کانونی یەکەمی١٩٨٧).
-ئەرکی نوێ،عێراق چەکی کیمیاوی بەکاردەهێنێ،ژ:٤،ساڵی یەکەم(تەموزی١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،پەرلەمانی ئەوروپی ئیدانەی عیراق دەکات،ژ:٦،ساڵی یەکەم(ئۆکتۆبەری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،پرۆتۆکۆڵی هاوکاری نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان وپەکێتی نیشتمانی کوردستان،ژ:٤،ساڵی یەکەم(تەموزی١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ،هەڵوێست لەمەسەلەی کورد هەڵوێستە لەمافی مرۆڤ،ژ:٦،ساڵی یەکەم(ئۆکتۆبەری١٩٨٨).
-ئەرکی نوێ، ئەی ئێستە،ژ:٥،ساڵی یەکەم(ئابی١٩٨٨).
-دەرگەلەی،ئارام(ئازاری١٩٨٨)، مەسەلەی کوردلەڕاگەیاندنی ئەمریکا،ژ:٣،ساڵی یەکەم.
-ڕەوا(تەموزی١٩٨٨)،چەندباسێکی مەسەلەی کورد،(ئەرکی نوێ)،ژ:٤،ساڵی یەکەم.
-ڕەوا(تشرینی یەکەمی١٩٨٧)،چەندباسێکی مەسەلەی کورد،(ئەرکی نوێ)،ژ:١،ساڵی یەکەم.
- ڕەوا(کانونی یەکەمی١٩٨٧)،چەندباسێکی مەسەلەی کورد،(ئەرکی نوێ)،ژ:٢،ساڵی یەکەم.
-ڕەوا(ئۆکتۆبەری١٩٨٨)،چەندباسێکی مەسەلەی کورد،(ئەرکی نوێ)،ژ:٦،ساڵی یەکەم.
-ڕەوا(ئابی١٩٨٨)،چەندباسێکی مەسەلەی کورد،(ئەرکی نوێ)،ژ:٥،ساڵی یەکەم.
-شێخ محمود،ئیبراهیم(کانونی یەکەمی١٩٨٧)،تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی وئامرازی لەناوبردنی جەماوەر بەکۆمەڵ لەیاسای نێودەوڵەتاندا،(ئەرکی نوێ)،ژ:٢،ساڵی یەکەم.

-مجيد(تشرينى يەكەمى١٩٨٧)،ئەمنستى بەشێ لەتاوانەكانى ڕژێمى عێراق ئاشكرا دەكات،(ئەركى نوێ)،ژ:١،ساڵى يەكەم.

سێيەم: نامەى زانكۆيى(بڵاونەكراوە)

- ابوبكر،توانا قادر(٢٠١٧)،بەرەى كوردستانى(١٩٨٧-١٩٩٢)،نامەى ماستەر،زانكۆى ڕاپەڕين،كۆلێژى زانستەمرۆڤايەتييەكان،سلێمانى.

List of sources:

First, the book

in Kurdish

-Asasad, Farid (2021), Encyclopedia of the Kurdistan National Union, Volume 2, Fourth Edition, Sulaimani, Sarwari Publishing House.

-Asasad, Farid (2021), Encyclopedia of the Kurdistan National Union , Volume 1, Fourth Edition, Sulaimani, Sarwari Publishing House.

-Ahmad, Nawzad Ali (2004), Kurdistan National Union Journalism Outside Kurdistan, Sulaimani, Dawrozh Printing House.

-Ahmad, Nawzad Ali (2012), Biography of the Secret Book of the Kurdistan National Union 1975-1991, Sulaimani, Dilêr Printing House.

-Ahmad, Nawzad Ali (2013), Arki New, Sulaimani ,Shahid Azad Hawrami Printing House.

-Tanya, Ismail (2013), Leader of Kurdish Journalism) March 1975-1993), Erbil, Ministry of Culture Printing House.

-Jalal, Kawa Tayeb (2017), Sulaimani, Division among political parties in South Kurdistan 1976-1988, Hamdi Printing House.

-Fatih, Mohammed (2012), Iraqi political parties and organizations 1910-2010, Sulaimani, published by the Academy of Awareness and Training of Cadres.

Second, the newspaper

-New Assignment, Dear Reader ,Warm Greetings, No. 1, Year 1 (October 1987.(

-New Assignment, Dear Reader ,Warm Greetings, No. 2, Year 1 (December 1987.(

-New Assignment, Explanation ,No. 4, First Year (July 1988.(

-Arki Nuw, Arki Nuw, No. 1 ,Year 1 (October 1987.(

-Arki Nuw, Hawli Tunwa Kurdduba Arab Karni, No. 3, Year 1 (March 1988.(

-New Mission, Kurdistan is the center of life, not a laboratory, No. 1, first year (October 1987.(
-Arki Nuw, Chandbaseki Mesele Kurd, No. 3, Year 1 (March 1988.(
-Arki Nuw, Kurdistan Peshmerga is the Kurdish People's Defender Army, No. 2, Year 1 (October 1987.(
-Arki Nuw, Halabja Evidence of the War of Survival and Disappearance, No. 4, Year 1 (July 1988.(
-New Ark, Successful Kurdistan National Front, No. 2, Year 1 (December 1987.(
-Arki Nuw, Bilateral Statement between the PUK and PDK-Iraq, No. 2, Year 1 (December 1987.(
-New Mission, European Parliament accuses the Iraqi regime, No. 1, January 1 (October 1987.(
-Arki Nuw, Arki Nuw, No. 2 ,Year 1 (December 1987.(
-Arki Nuw, Awdangenasaza, No ,1 .Year 1 (October 1987.(
-New Task, Regional Peace through the Solution of the Kurdish Issue, No. 5, First Year (August 1988.(
-Arki Nuw, Kurdistan without people, No. 4, first year (July 1988.(
-Arki Nuw, Letter to Readers ,No. 3, Year 1 (March 1988.(
-New Mission, Amnesty International, No. 3, Year 1 (March 1988.(
-Arki Nuw, Kurdistan News ,No. 2, Year 1 (December 1987.(
New Mission, Amnesty International, No. 4, July 1988.
-New Mission, Defeating a Massive Attack, No. 3, Year 1 (March 1988.(
-Arki Nuw, a speaker of the PUK, the brutal demands of the fascists, No. 2, the first year (December 1987.(
-New Mission, The Regime Continues on the Crime of Using Chemical Weapons, No. 6, Year 1 (October 1988.(
-New Assignment, Why Doesn't Your Conscience Move, No. 3, Year 1 (March 1988.(
-Arki Nuw, Farhangi Political, No. 2, Year 1 (December 1987.(
-New Assignment, These News ,No. 2, Year 1 (December 1987.(
-New Mission, Execution in Iraq, No. 3, Year 1 (March 1988.(
-New Task, European Parliament Decision, No. 6, Year 1 (October 1988.(
-Arki Nuw, Duhawal, No. 3 ,First Year (March 1988.(
-New Mission, Destroying a Radar Center, No. 6, Year 1 (October 1988.(
-Arki Nuw, Kurdistan News ,No. 1, Year 1 (October 1987.(
-New assignment, appointment of Deputy Governor and Director of Erbil Mubayaat, No. 3, first year (March.(1988
-New Mission, Defeating a Massive Attack, No. 3, Year 1 (March 1988.(
-Arki Nuw, Naberdek, No. 3 ,First Year (March 1988.(

-Arki Nuw, Kurdistan Revolution in the Process of Development, No. 3, Year 1 (March 1988.(
-New Duty, Revolution, People and Leadership, No. 3, Year 1 (March 1988.(
-New Mission, a press conference in Paris accuses the Ba'ath regime, No. 1, January (October.(
-Arki Nuw, Congress of Unification of Kurdish and Kurdistan Students Association, No. 5, First Year) August 1988.(
-New Mission: Kurdish Forces Send a Letter to the Secretary-General of the United Nations, No. 1, January.1987
-Arki Nuw, Struggle against Chemical Weapons, No. 1, Year 1 (October 1987.(
-Arki Nuw, Letter to Arab Leaders, No. 3, Year 1 (March 1988.(
-New Mission, Aksa's Letter to Gorbachev, No. 2, Year 1 (December 1987.(
-New Mission, Iraq Uses Chemical Weapons, No. 4, First Year (July 1988.(
-New Task, European Parliament Condemns Iraq, No. 6, Year 1 (October 1988.(
-Arki Nuw, Protocol of Cooperation between the Kurdistan Workers' Party and the Kurdistan National Union, No. 4, Year 1 (July 1988.(
-New Duty, Position on the Kurdish Issue Position on Human Rights, No. 6, Year 1 (October 1988.(
-Arki Nuw, A Este, No. 5 ,First Year (August 1988.(
-Dargalay, Aram (March 1988 ,(Kurdish issue in the media of America, No. 3, first year.
-Rawa (July 1988 ,(Chandbaseki Mesele Kurd, (Arki Nuw), No. 4, First Year.
-Rawa (October 1987 ,(Chandbaseki Mesele Kurd, (Arki Nuw), No. 1, First Year.
-Rawa (December 1987 ,(Chendbaseki Mesele Kurd, (Arki Nuw), No. 2, First Year.
-Rawa (October 1988 ,(Chandbaseki Mesele Kurd, (Arki Nuw), No. 6, First Year.
-Rawa (August 1988 ,(Chandbaseki Mesele Kurd, (Arki Nuw), No. 5, First Year.
-Sheikh Mahmoud, Ibrahim) December 1987), Crime of Use of Chemical Weapons and Instruments of Mass Destruction in International Law, (New Task), No. 2, Year 1.
-Majid (October 1987 ,(Amnesty Reveals Some of the Crimes of the Iraqi Regime, (New Mission), No. 1 ,Year

Third: University letter) unpublished(

-Abubakr, Tawana Qadir ,(٢٠١٧) Kurdistan Front (1987-1992), Master's Thesis, Raperin University ,College of Humanities, Sulaimani.